# میللەت و ناسیۆنالیزم و

# بەرنامەی کۆمۆنیزمی کرێکاری

## بەشی یەکەم:

## چاوخشاندنەوەیەك بە مافی میللەتان لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا

چوارده ساڵ بەرلەئێستا، کاتێك دەستبەکاری ئامادەکردنی پرۆژەی بەرنامەی یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست[*] و دواتر بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی ئێران بووین، بەندی تایبەت بەمافی میللەتان لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا بەیەکێك لە ڕۆشنترین‌و بێ‌پێچ‌وپەناترین بەشەکانی بەرنامە دادەنرا. ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم تەنانەت بێنەوبردەیەکی جدلای کەمیش لەسەر ئەم بەندە دروست نەبوو. یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست‌و لەقۆناغی دواتریشدا حزبی کۆمۆنیستی ئێران، مافی میللەتان لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندایان بەوێنەی فۆرمۆلێکی بەڵگەنەویست‌و بێ‌قەیدوشەرت‌و تەفسیرهەڵنەگر لەبەرنامەکانی خۆیاندا جێ‌کردبۆوە. پاش چەندین ساڵ، ئەمڕۆ دووبارە لەسەروبەندی ئامادەکردنی بەرنامەیەکی حزبیدا لەگەڵ ئەم فۆرمۆڵە ڕووبەڕوو بووینەتەوە. بەڵام ئەم جارەیان، بەپێچەوانەی پێشترەوە، هیچ شتێکی ئەم فۆرمۆڵە بێ‌پێچ‌و پەناو بێ‌تەم‌ومژ نایاتە بەرچاو. لەڕاستیدا هەردانە ووشەیەکی ئەم عیبارەیە ئاڵۆز، نادیاریکراوو مایەی‌ناڕۆشنی‌یە. ئەم فۆرمۆڵە بەبڕوای من بەم شێوەیەی ئێستایەوە ناتوانێت لەبەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا جێگای ببێتەوە. مەبەستی ئەم نووسینە کە لەچەند ژمارەیەکی ئەنتەرناسیۆنال‌دا بڵاودەبێتەوە، پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەگرانەیە بە

---

[*] اتحاد مبارزان کمونیست– وەرگێڕ

میللەتو میللەت چێتیو چەمکە گشتیترەکانو ئەو واقعیەتە سیاسییانەی کە ژێربینای ئەم فۆمۆلبەندییە پێکدەهێنن. دواتریش لەسەر پایەی ئەم باسە گشتییانە فۆرمۆلێکی دیاریکراو کە بۆ بەرنامەی حزب بەدروستی دەزانم دەخەمە ڕوو.

## چ شتێك گۆڕانی بەسەردا هاتووە؟

هەم ئێمەو هەم دنیای دەرەوەی ئێمە هەردوولامان ئاڵوگۆڕمان بەسەردا هاتووە. بێگومان ئەمڕۆش ئەو حەقیقەتە سۆسیالیستییە بەڕۆشنی دەرك دەكرێت كە چواردە ساڵ بەرلەئێستا "مافی میللەتان لەدیاری كردنی چارەنووسی خۆیاندا"ی وەك مەبدەئێكی بەڵگە نەویست خستبووە بەرنامەی ئێمەوە. لەو سەردەمەدا مصداقییەتی پراتیكیی بەندی مافی دیاریكردنی چارەنووس بۆ ئێمە مەسەلەی كوردو كوردستان بوو. فۆرمۆلی گشتیی مافی دیاریكردنی چارەنووسی میللەتان لەڕاستیدا زەمینەسازییەكی مەبدەئی بوو بۆ دەركردنی ئەم حوكمە واقعیو دروستو پڕاوپڕ كۆمۆنیستانەیە، كە خەڵكی كوردستان لەڕوانگەی كۆمۆنیستەكانەوە لەئێراندا مافی ئەوەیان هەیە بۆ لابردنی ستەمی میللی لەسەر خۆیان تەنانەت جیاش ببنەوەو دەوڵەتێكی سەربەخۆ دروست بكەن، كە بڕیاردان لەسەر ئەم مەسەلەیە كاری خودی خەڵكی كوردستانە نەك تەواوی خەڵكی ئێران یان دەوڵەتو دەزگا تەشریعییە مەركەزییەكان، وە سەرەنجام ئەوەی كە كۆمۆنیستەكان هەرچەشنە دەستبردنێك بۆكاری توندوتیژی لەدژی مومارەسە كردنی ئەم مافە لەلایەن خەڵكی كوردستانەوە مەحكوم دەكەنو لەبەرامبەریدا ڕادەوەستن. لەجەرگەی شۆڕشی 57 دا[1] ئەمە مانای واقعیو عملیی بەندی مافی میللەتان بوو بۆ ڕەوتی ئێمەو بەدیاریكراوییش ئامانجی ئەم بەندە كوتانی ناسیۆنالیزمی ئێرانیو ڕسواكردنی موبەللیغە ڕەنگاوڕەنگەكانی لەشكركێشی بۆ "پاراستنی یەكپارچەیی خاكی وولات" بوو لەنێو هەردوو باڵی ڕاستو چەپی بۆرژوازی ئێراندا.

تائەو جێگایەی كە بەكوردستان دەگەڕێتەوە هیچ شتێك لە بنەمای هەڵوێستگیری ئێمە نەگۆڕاوەو نابێ بگۆڕێ (لە بەشی كۆتایی ئەم نووسینەدا دەچمە سەر چەند خاڵێك سەبارەت بە ڕەخنە لە مەقولەی خودموختاریو هەروەها تەرحی پلاتفۆرمی دیاریكراوی حزب بۆ چارەسەری مەسەلەی كورد). بەڵام گرێی فۆرمۆڵە گشتییەكان، وە لەڕاستیدا هونەریان، لەوەدایە كە سەراپاگیرنو ماناو بەكارهێنانی عملیی جۆراوجۆر پەیدا دەكەن. بەدڵنیاییەوە هەر لەم 14 ساڵەی ڕابردووشدا ئەو فۆرمۆڵە گشتییەی ئێمە، لەڕوانگەی خۆمانەوە بەمانای دیفاع كردن لەفیدرالیزمو پارچەپارچەكردنی وڵاتە گەورەكان بۆ بەش بەشی بەناو قەومیو ڕەگەزیی نەبووە.

[1] واتە شۆڕشی1979 ی زاینی لە ئێران–و

تەنانەت هەر ئەو کاتەش ئەگەر کەسێك گووتبای کە ئەم فۆرمۆلە گشتییە تەنها بە مەسەلەی کودو فەلەستینەوە ناوەستێو بمانەوێو نەمانەوێ مافی پێکهێنانی دەوڵەت بۆ فەرەنسی زمانەکانی کەنەدا لە کیوبك، بۆ باسکەکانو بۆ کاتالۆنییەکان، بۆ صربەکانو کرواتەکانو چیکەکانو سلۆفاکییەکانو مەکدۆنییەکانو جۆرجییەکانو ئەفغازییەکانو سکۆتلەندییەکانو وێڵزییەکانو ئەفریکانەکانو زۆلۆکانو، بەهەندێك دەستکارییەوە بۆ سیکەکانو شیعەکانو مسیحییەکانو یان تەنانەت بۆ "میللەتی ڕەش" لە واشنتۆنو بەکورتی ئەم مافە بۆ هەر دەستەیەك کە لە سجلی جێگایەكو لەمێشکی کەسانێکدا بەمیللەت حیساب کرابن تعمیم دەبێت، بێگومان بێنەو بردەیەك کەلەسەر ئەو بەندە نەمان کرد دەسبەجێ دەستی پێئەکرد. بەڵام لەو ڕۆژگارەدا هیچ کەس شتێکی وای نەگووتو ئەو بێنەوبردەیەش نەکرا. ئەمەش ئەو ڕێگایەیە کە ئێمە تائێرەمان هێناوەو ئەو ئاڵوگۆڕەیە کەبەسەرماندا هاتووە. بەهاتنە گۆڕی باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری ڕەوتی ئێمە سەبارەت بەماهییەتی کۆمەڵایەتیو مێژوویی بزووتنەوەکانو مەیلە سیاسییە جۆراوجۆرەکان، وەلەناویاندا بەتایبەتی ناسیۆنالیزم، وە ڕووبەڕووبوونەوەی مێژوویی– جیهانی ئەوان لەگەڵ سۆسیالیزمی کرێکاریدا، ئامادەییەکی زەینیی زۆر زیاتری پەیدا کرد. میللەتو میللەت چێتی تەنانەت لەپەیوەند بە "میللەتە کەمینە"و ستەم لێکراوەکانیشەوە، ئێستاکە لەچوارچێوەیەکی مێژووییو تەحلیلی فراوانتردا هەڵدەسەنگێندرێنو داوەرییان لەسەر دەکرێو هەربۆیە بەحەساسیەتو ووردبینییەکی زیاترەوە مانا فراوانترەکانی فۆرمۆلی گشتیی مافی دیاریکردنی چارەنووس تاقیب دەکەین. سەرەڕای ئەمەش، چ بەهۆی دامرکانەوەی جۆشو خرۆشو حەماسەتی دەورانی شۆڕشی 57و چ بەهۆی پێگەیشتنی تیۆریو سیاسی بزووتنەوەکەمانەوە، ئەمڕۆ ئەحکامە بەرنامەییەکان هەرچی زیاتر لەچوارچێوەیەکی جیهانیدا هەلدەسەنگێندرێن. فۆمۆلی گشتیی مافی میللەتان، لەژێر سێبەری مەسەلەی کوردو کوردستانو ڕوخاندنی جمهوری ئیسلامی دێتەدەرو قورساییە گشتیو جیهانییەکەی خۆی پەیدا دەکات. لەپێوانەیەکی جیهانیدا فۆرمۆلی مافی میللەتان لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا بەهیچ جۆرێك قیبلەنۆمایەکی سۆسیالیستییانە نییە بۆ تێپەڕین بەناو جەنگەڵی بەرژەوەندیو ناکۆکییە قەومییە بێشومارەکاندا.

بەڵام زۆرتر لەئێمە، خودی جیهانی ماددیو واقعییەتی مێژوویی گۆڕانی بەسەردا هاتووە. مەبەستم ڕووداوەکانی دەورانی ئەزمەو دواتریش لەبەریەك هەڵوەشانەوەی بلۆکی ڕۆژهەڵاتو دنیای دوای جەنگی ساردە. ئەگەر ڕوو وەرچەرخاندنی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی پێشوو بەلای غەربو مۆدیلی بازاڕ لە سالأنی یەکەمی دەستپێکردنی ئەزمەی ڕۆژهەڵاتیشدا فەرامۆش بکەین (چونکە هەرچیچۆنێك بێت ڕەوتی ئێمە لە خۆشباوەڕییەکانی چەپی تقلیدیی سەبارەت بە پێشکەوتنخوازی ناسیۆنالیزمی جیهان سێیەمیو ناسۆنالیزمی کەمینە میللییەکاندا شەریك نەبووە)، بزووتنەوە جوداییخوازەکانو دواتریش جەنگو کۆمەڵکوژییەکانی "میللەت"ە هەوسار پچڕیوەکان لە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتو مەرکەزیدا، بەڕاستی خواستی میللیو جیاخوازیی

تەنانـەت لەبەرچـاوی کەسـانێك کـە لـە لـەلانی کـەمی ئینـسان دۆسـتی بەهرەمەنـدن، بـێ‌نـرخو زۆرجـاریش بێـزراو کـردووە. هـەمووان دەتـوانن ببیـنن کـە چـۆن ناسـیۆنالیزم تەرجومـەی مـاددی خۆی لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانو "پاکسازی‌یە قەومی‌یەکان"و کوورەکانی ئینسان سووتاندندا پەیدا دەکـاتو، چـۆن نەتـەنها خواسـتی میللـی بەڵـکو تەنانـەت خـودی مەقولـەی میللـەتو ناسـنامەی میللیش لەزۆر حالەتدا ناڕەسەنو دەسکردی ئەوساتێکی سیاسی دیاریکراوە.

ڕووداوە میللی‌یـــەکانی جیهـــانی پـــاش جـــەنگی ســـارد بەناچـــاری فۆرمـــۆلی بەڕوالـــەت خێرخوازانەو عادیلانەی "مافـی میللـەتان لـەدیاریکردنی چارەنووسـی خۆیاندا" دەخاتـە بەردەم چاوخـشاندنەوەیەکی ڕەخنەگرانـەوە. بـەبڕوای مـن، بـۆ کۆمـۆنیزمی کرێکـاری بەرئـەنجامی ئـەم چاوخشاندنەوەیە جگە لەڕەتکردنەوەی ئەم فۆرمۆلە لەشکڵو شێوەی ئێستای‌دا ناکرێ شتێکی تر بێت.

## مافـی میللەتان لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا:

## لەغزێك لە پێنج ووشەدا

باسـی ئەسـڵی‌ی مـن سـەبارەت بەمەسـەلەی میللـی‌و "مافـی میللـەتان لـەدیاریکردنی چارەنووسـی خۆیانـدا" لـەژمارەی داهـاتووەوە لـە ڕەخنـە لـەخودی ناسـنامەی میللـی‌یـەوە دەسـت‌پـێ‌دەکـات. ڕیگـا بـدەن لـەم بەشـەدا کـەمێك سـەبارەت بـەم فۆرمۆڵـە بـەدەنگێکی بـەرز بیربکەینـەوە. وەرن بـا بەشـەکانی ئـەم فۆرمۆڵـە هـەر لـەم ڕواڵەتـەی ئێستایدا یـەك بەیـەك تـاوتوێ بکـەین. ئەمـە کۆمـەکمان پـێ‌دەکـات تـا لانـی کـەم زنجیرەیـەك لەپرسـیارو نـاکۆکی پەیـدا بکـەین کەدەتوانێ خاڵی دەست‌پێ‌کردنی باسەکەمان بێت.

1– لەئاسـانترینو کـەم ناکۆکی‌ترین بەشـەوە دەسـت‌پـێ‌بکـەین: "دیـاریکردنی چارەنووسـی خـۆ". مەبەسـت لـەم عیبارەتـە چی‌یـە؟ میللـەتێك کـە مافـی چارەنووسـی خـۆی بەدەسـت دەهـێنێ (ئەگەر لـە ئێستادا وای دابنێین کـە مانـای "ماف"و "میللـەت"مـان بـۆ معلومـە) مافـی چ کارێکی بەدەست هێناوە؟ لەڕوانگەی مێژوویی‌و هەروەها لەتەقلیدی کۆمۆنیستی‌دا ئەم عیبارەتە بەمانای مافـی جیابوونـەوەو پێکهێنـانی وڵاتێکـی سـەربەخۆیە کـە "میللـەت"ی جـێ‌مەبەسـت تیایـدا بـە "میللەتی سەرەکی" یان "زۆرینە" بژمێردرێ.

بەگشتی، دوو جۆر بەدحاڵی بوون یان تێگەیشتنی نادروست تێکەڵ بەم باسە بووە. عەیبی یەکـەم، تێگەیشـتنێکی بـەناو دیموکراتیـكو ئازادیخوازانـەی درۆیینەیـە کـە ئاخێنراوەتـە نـاو خـودی ئـەم عیبارەتـەوە، کەبەتایبـەتی لـە داڕشتنە فارسـی‌یەکەیدا "تعـیین سرنوشـت خـویش" تۆختریشە ﴿کە بۆ کوردی‌یەکەشی "دیاریکردنی چارەنووسـی خـۆ"هەروایـە – وەرگێڕ﴾. خـودی عیبارەتەکـــە، بەتایبـــەت لـــە دەربڕینـــە فارســـی‌یەکەیـــدا ﴿هـــەروەها کـــوردی‌یەکەشـــی–و﴾و

بەبەکارهێنانی ووشەی ڕۆمانسیو حەماسیی "سرنوشت" ﴿چارەنووس-و﴾ مەشروعیەتێکی بەڵگەنەویستو لەوەوپێشی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە. کام ئینسانی شەریفو ئازادیخواز هەیە کەبەڕاستی لەوەی کە کەسێك، هەرکەسێك، خۆی "چارەنووسی خۆی" دیاری بکات زۆر خۆشحاڵ نەبێتو ئەم کارە بەپیرۆزو بە هەنگاوێك لە بەرەوپێش چوونی بەشەر نەزانێ. بۆنموونە، عیبارەتی Self Determination لەزمانی ئینگلیزیدا ئەم جۆرە تێگەیشتنە حەماسیی یەی لێ بەدی ناکرێ. بەڵام بەهەرحاڵ تاڕادەیەك ئەو مەشروعیەتە لەوەوپێشە لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێ. بەڵام پێکهێنانی وڵاتێکی نوێ بۆنموونە بۆ خەڵکی باکوری ئیتالیا، کە ئێستا کۆمەڵێك خەریکی ئامادەکردنی بەڵگەنامەکانی ناسنامەیەکی میللی سەربەخۆن بۆیان، یان بۆ ئەو خەڵکەی بەتامیل یان بەباسك ناویان دەبەن، هێشتا هیچ شتێك سەبارەت بەوە ڕۆشن ناکاتەوە کە ئاخۆ ئەم خەڵکە بەتاك یان بەکۆمەڵ بەم ئاڵوگۆڕە بەقەد سەرە دەرزییەك زیاتر لەجاران "چارەنووسی خۆیان" بەدەستەوە دەگرن یان نا. سیستمی ناوخۆی وڵاتی تازە پێکهاتوو، چ لەڕووی سیاسییەوەو چ لەڕووی ئابووریی‌یەوە، بەندە بە کۆمەڵە کێشمەکێشو ئاڵوگۆڕێکی ترەوە کە کاریگەرییەکانی خودی سەربەخۆبوون لەسەری ناکرێ لەسەرەتاوە پێشبینی بکرێ. وڵاتی تازە ئەشێ کۆنەپەرستتر، نایەکسانتر، سەرکوتگەرترو خەڵکەکەی لەجاران بێمافترو داماوتر دەربچێت. چاوگێڕانێکی سەرپێیی بەدنیای دوای جەنگی سارددا کە تابلۆیەکی گەورە لە "میللەت"ە سەربەخۆ بووەکانو "چارەنووسی خۆ بەدەست گرتووان" دەنوێنێ، بەسە بۆ حاڵی بوون لەو مەسەلەیە. دواتر لە تاوتوێ کردنی مەقولەی "میللەت"دا دەچینە سەرئەوەی کە چۆن لە تەبلیغاتی ناسیۆنالیستیدا زۆر بە ئاسانی حاکمییەتی میللی بە حاکمییەتی تاك تاکی ئینسانەکانی ئەو "میللەت"ە دادەنرێ. وە ئەو حەقیقەتە پەردەپۆش دەکرێ کەلەڕاستیدا خودی حاکمییەت بەناوی "میللەت"ێکەوەو دانانی ناسنامەی میللی بە بنەمای حقوقیو مەعنەوی وجودی وڵاتێك، خۆی پێشێلکردنی مافی حاکمییەتی دانیشتووانو بەرتەسك کردنەوەی مافی خەڵکە واقعیی‌یەکەیە لە "دیاریکردنی چارەنووسی خۆی"دا.

بەکورتی مافی دیاریکردنی چارەنووس بەمانای مافی جیابوونەوەو پێکهێنانی وڵاتێکە بەناوی میللەتێکی دیاریکراوەوە. باس لەسەر بەدیهێنانی مافە مەدەنیو فەردییەکانو فراوانبوونەوەی مەودای دەسەڵاتی خەڵك وەیان دیموکراسی بەمانا باوەکەی ئەم ووشەیە نییە. مشروعییەتێکی لەوەوپێش کەلەناو ئەم عیبارەتەدا حەشار دراوە، زیادەو ناواقعییە.

دووەم تێگەیشتنی نادروست بەگشتی پەیوەندی بەمەقولاتی خودموختاری ئیداریو فەرهەنگیو خۆبەڕێوەبردنو شتی لەم بابەتەوە هەیە. بەڕەسمیەت ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووس لەڕوانگەی حقوقیو سیاسیو هەروەها لەمێژووی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا، بۆ نموونە لە تێڕوانینی لینینو بەرنامەی سۆسیال-دیموکراسی ڕووسیو دواتریش بەلشەفییەکاندا، بەمانای مافی جیابوونەوەیە نەك هەر سیناریۆیەکی بەیناوبەینی کە بەرقەرارکردنی پەیوەندییەکی تر لەنێوان میللەتی جێمەبەستو دەسەڵاتو دەوڵەتی مەرکەزیدا

پێشنیار دەکات. باسی مافی دیاریکردنی چارەنووس بەمانای تایبەتی ووشەکە، پەیوەندی بەم مقولاتانەوە نییە. بەڕەسمییەت ناسینی ئەم مافە بەمانای قبوڵ کردنی مافی پێکهێنانی پەیوەندییەکی حقوقی‌و ئیداری تایبەت نییە لەنێوان یەکێك لە "میللەت"ە نیشتەجێکانی وڵات لەگەڵ دەوڵەت‌و باقی هاووڵاتیاندا. دواتر لەبەشی کۆتایی ئەم وتارەدا کاتێك دەگەینە سەر ڕەخنە لە خودموختاری ئەم خاڵە زیاتر ڕۆشن دەکەمەوە. لێرەدا بەم تەئکیدە ئیکتفا دەکەم کە بەپێچەوانەی مافی جیابوونەوەوە کە لانی کەم بەڕواڵەتیش بێت ڕووی لەپەرەپێدانی جێگاوشوێنی "میللەت"ێکە لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان‌و لابردنی هەڵاواردنی میللی لەپەیوەندی نێوان هاووڵاتیان‌و دەوڵەت دا، بەدەستهێنانی خودموختاری‌و ئۆتۆنۆمی، بەپێچەوانەوە، بەمانای بەدیهاتنی جۆرێك لە نایەکسانی تازەیە لەنێوان هاووڵاتیانی یەك وڵاتدا لەسەر بناغەی ئینتمای میللی. ئەم ئیدعایە یان ئەم ئومێدە کە مەبەست لە خودموختاری قەرەبوو کردنەوەی ستەمەکانی ڕابردووە، وە دەبێتە زەمانەتێك لەبەردەم گەڕانەوەی هەڵاواردنەکان لە داهاتوودا، هیچ لەو حەقیقەتە ناگۆڕێت کە بناغەی خودموختاری دانانی پەیوەندییەکی نایەکسانی نوێ‌و زیندوو هێشتنەوەی کێشمەکێش‌و جیاوازیی میللییە لەچوارچێوەی وڵاتێکدا. بەم پێیە دیفاعی کۆمۆنیستەکان لەمافی میللەتان لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا، بەهەر تێگەیشتنێکەوە کەلەم شیعارە هەبووبێت، شتێك دەربارەی مەسەلەی خودموختاری‌و خۆبەڕێوەبردن‌و...تاد ڕۆشن ناکاتەوە. مافی میللەتان لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا فۆرمۆلێك نییە بۆ بەڕەوا زانینی دەستوور[*]ە "پەلکەزێڕینەیی"یەکان‌و پلەبەپلە کردنی هاووڵاتیان بەپێی ئینتما میللی‌و قەومییەکانیان لەوڵاتە "فرە میللییەکان"دا. لانیکەم لەو تەقلیدە کۆمۆنیستییەدا کە ئەم فۆرمۆلەی بۆ بەرنامەکانی ئێمە بەمیرات هێشتۆتەوە لێکدانەوەیەکی لەم چەشنە لەم مافە نەکراوە.

بەهەرحاڵ ئەم تێگەیشتنانە ئەمڕۆ بوونەتە پاشکۆی ئەم فۆرمۆڵە. عیبارەتی "دیاریکردنی چارەنووسی خۆ" سەردێڕێکی چاکە بۆ مشتومڕ لەسەر ئەم تێگەیشتنانە. بەڵام هەرگیز مەقولەیەکی کارساز نییە بۆ داڕشتنی فۆرمۆڵێکی ڕۆشن‌و ئازادیخوازانەی کۆمۆنیستی لەبەرامبەر میللەتان‌و مەسەلەی میللیدا.

هەرچۆنێك بێت ئێمە لەم باسەدا، مافی "دیاریکردنی چارەنووسی خۆ" تەنها بەمانای مافی جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتێکی میللی سەربەخۆ بەکار دەبەین.

2– ووشەیەکی تری کلیلی کە دەبێ لێی وورد بینەوە، ووشەی "ماف" یان عیبارەی "بەڕەسمییەت ناسینی ماف"ە لەسەرەتای فۆرمۆڵەکەدا. کاتێك کەسێك "ماف"ی میللەتان لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆیان بەڕەسمی دەناسێ، ئەو مافە بەچ جۆرە مافێك دادەنێ‌و خۆی بە پابەندی چ کارێك یان فکرێك دەزانێ؟ بەڕەسمییەت ناسینی مافێك یانی چی؟

---

[*] قانوونی ئەساسی وڵات– وەرگێڕ

**لە یەکەم سەرنجدا دەکرێ ئەم پرسیارە زیادەو بیانووگیرانە بێتە بەرچاو. بەڵام لەڕاستیدا مشتومڕ لەسەر ئەم پرسیارە، ئەویش تەنها لە یەکێك لە گۆشەکانییەوە، بەدرێژایی مێژوو مەیدانێکی گرنگی باسو لێکدانەوەی کۆمۆنیستی بووە لەسەر مەسەلەی میللی. مەبەستی من بەدیاریکراوی باسو لیکۆڵینەوەیە دەربارەی ئەو تێبینییە ئەنتەرناسیۆنالیستیو پرۆلیتارییەی کە ڕێك بەهۆی ئەوەی ئەو عیبارەیەی سەرەوە تەفسیری جیاجیا هەڵئەگرێ، دەکرێتە پاشکۆی: "بەڕەسمیەت ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووس، (مافی جیابوونەوە) خۆی لەخۆیداو بەزەرووڕەت بەمانای پێشنیازکردنی جیابوونەوە نییە." ئەم تێبینییە بەمانای قایل بوونە بەجۆرێك لە پلەپلەکردنی "مافەکان" لەکۆمەڵگادا. یەکسەر ئەوە معلوم دەبێ کە خودی ووشەی "ماف" خۆی لەخۆیدا هیچ شتێکمان سەبارەت بە بایەخو گرنگیو هەندێ جار تەنانەت ممکن بوونی ماددییانەی بەدیهاتنی پێناڵێت وە دیارە بۆ ئێمەیەك کەمافێك بەڕەسمیەت دەناسین، بەستە بەوەی کە ئەم مافە لەچ جۆرە مافێك بێت چاوەڕوانیی جیاوازمان لێدەکرێت. مافی ژیان، مافی بەڕێوەبردنی گوزەران، مافی ڕێکخراوبوون، مافی تەڵاق، مافی جگەرە کێشان، مافی سەفەر کردن بۆ ئاسمان، هەموو ئەمانە بەشێکن لەمافەکانی خەڵك. دەبێ هەر هەموویان بەڕەسمی بناسرێن، بەڵام لەفەلسەفەی سیاسیو جیهانبینیو ئامانجەکانی ئێمەدا هەر هەموویان لە یەك چاوگەوە سەرچاوە ناگرنو جێگاوشوێنی چون یەك لەسیستمی فکریو ئەولەویەتە کۆمەڵایەتییەکانی ئێمەدا داگیر ناکەن.**

**مافی میللەتان لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا چ جۆرە مافێکە؟ بەراوردکردنی باو، بەراوردکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسە بەمافی تەڵاق. مافی تەڵاق دەبێ دەستەربەر بکرێت، بەڵام ئەمە بەزەروڕەت بەمانای پێشنیازکردنو هاندان بۆ خودی جیابوونەوە نییە. بەرگری کردن لە مافی تەڵاق هاوتای پێشنیازکردنی تەڵاق نییە. بەڵام ئەم قەڵەمڕەوە بەبڕوای من زۆر ناڕۆشنو لێڵە. بەراورد کردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس بە مافی تەڵاق، بەبڕوای من لەلایەنێکی زۆر گرنگەوە بەراوردکردنێکی ڕێلێونکەرە، دواتر ئەمە لە تاوتوێکردنی مەقولەی میللەتدا ڕۆشن دەکەمەوە، بەڵام لێرەدا لانی کەم ئەوە ڕۆشنە کەمافی دیاریکردنی چارەنووس لەڕوانگەی کۆمۆنیستەکانەوە لەڕیزی "ئەو مافانە" نییە کە دەبێ وەکو مافی دەنگدان، مافی سەلامەتی یان مافی خوێندن، هەرچی زیاتر بەشێوەیەکی ماددی وەدی بێنو پیادە بکرێن. بەڵکو مافێکە کە دەبێ بەڕەسمی بناسرێت، بەڵام دواتر، بەلەبەرچاوگرتنی ناوەڕۆکی بەشی هەرە زۆری ئەو کێشمەکێشە میللییانەی کە تائێستا بینیومانن، دەبێ ئارەزوو بکەین یان تەنانەت هەوڵیش بدەین کە تادەکرێ بەکار نەهێنرێ. کاتێك دەڵێین کەسێك مافی میللەتان لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا بەڕەسمی دەناسێت، بێگومان ئەمە هێشتا خۆی لەخۆیدا ئەوە ڕوون ناکاتەوە کە ئەو کەسە چ جێگاو شوێنێك بۆ ئەو مافە دادەنێتو ئەو مافە بە چ جۆرە مافێك دەزانێت.**

بەڵام گریٚو گۆڵۆ تەفسیر هەڵگرتنی مەقولەی ماف هەر بەمە کۆتایی نایەت. بەڕەسمیەت ناسینی مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووس‌دا بەمانای بەڵێن‌دان بەئەنجامدانی چ کارێکی سیاسی‌یە؟ پەسەند کردنی سیستمێکی فیدراڵی لەحاڵەتی گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسی، یان بەخشینی مافی جیابوونەوە بە "میللەت"انی نیشتەجیٚی وڵات؟ هاوپشتی‌و هاریکاری کردنی بزووتنەوە جودایی خوازەکان؟ ئایا بەڕەسمی ناسینی ئەم مافە بەمانای دانانی ئۆتۆماتیکی‌یانەی بزووتنەوە جودایی‌خوازەکانە لەڕیزی بزووتنەوە ئازادیخوازو پێشکەوتنخوازەکان‌دا؟ بێگومان ئەمە دەروازەیەکی ترە بۆ هاتنە ناوەوەی تەفسیری جۆراوجۆری تر. بۆ نموونە، تێڕوانینی لینین بۆ مەسەلەکە بەدروستی لەسەر مەبدەئی خۆلادان لەجیابوونەوە بنیات نراوەو مافی دیاریکردنی چارەنووس وەکو مافێکی "سلبی" سەیر دەکات. بە بۆچوونی لینین بەڕەسمی ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووس بەمانای ئەوەیە کە: یەکەم، کۆمۆنیستەکان دژی لکاندنی ئیجباری‌و "بەکارهێنانی زەبروزەنگ وەیان شێوازی ناعدیلانە"ن بۆ وابەستە هێشتنەوەی میللەتان‌و، دووەم، لەو بڕوایەدان کە ئەوە تەنها مافی خودی ئەو میللەتەیە کە سەبارەت بەجیابوونەوە یان جیانەبوونەوە بڕیار بدات. ئەم تێڕوانینە نیشاندەری ئەو ئامانج‌و دیدە کۆمۆنیستی‌و ئەنتەرناسیۆنالیستی‌یەیە کەئێمەش ڕێك بەم جۆرە بۆ داڕشتنی بەرنامە حزبی‌یەکانی پێشوو لەبەرچاومان گرتووە. بەڵام لەڕووی حقوقی‌یەوە ناڕۆشنی‌یەکان بەتەواوی لەبەین نابات. دەکریٚ بۆنموونە ئەوە بووتریٚ کە کۆمۆنیستەکان لەحاڵەتی بەڕەسمی نەناسینی مافی جیابوونەوە بۆ میللەتێکیشدا، دیسانەوە دژی بەکارهێنانی توندو تیژی‌و شێوازی ناعادیلانەن لەبەرامبەر خواست‌و بزووتنەوە سەربەخۆیی خوازەکانی جەماوەری خەڵکداو مەحکومی دەکەن. بەڵام لایەنی دووەمی ئەم تێگەیشتنە، پرسیارێکی گەورەتر دێنێتە پێشەوەو تاڕادەیەك دووبارە بەشی یەکەم ناڕۆشن دەکاتەوە. دەڵیٚ "خودی میللەتی جیٚ مەبەست دەبیٚ بڕیار بدات". زۆر چاکە. گریمان ناسنامەی میللی ئەو میللەتە دەکریٚ دەستنیشان بکریٚو ئیمکانی ئەوە هەیە کە ئەو خەڵك‌و لایەنانەی کە نابێت لەم بڕیاردانەدا دەخالەت بکەن دیاری بکرێن. بەڵام چۆن دەکریٚ ئەوە دەستنیشان بکرێت، چجای ئەوەی تەزمین بکرێت، کە ئەو بڕیاری جیابوونەوەیە بڕیاری خودی ئەو میللەتە بووە. گرفتی ئەم فۆرموڵە لەوەدایە کە لەلایەك مەفهومێکی لە"ئیرادەی میللی" لەخۆیدا حەشار داوەو وەکو بەڵگە نەویست وەری‌گرتووە. کە بەمەش ئەم خۆشباوەڕی‌یە دێتە ئاراوە کە گوایە لەنێو هەموو مەسەلەکانی کۆمەڵگای بۆرژوایی‌دا کە تیایدا ئیرادەو بەرژەوەندی‌یەکان چینایەتین، مەسەلەیەك هەیە بەناوی جیابوونەوەی میللەتانەوە کەدەکریٚ لەودا ئیرادەیەکی گشتی‌و سەرووچینایەتی، کەئیتر نەك ئیرادەی چینی دەسەڵاتدار، بەڵکو ئیرادەی هەموو "میللەت"ـە، پەیدا بکریٚو پیادە بکرێت. ئەمە لەڕووی تیۆری‌یەوە پاداشت کردنێکی ژێراوژێری ناسیۆنالیزم‌و بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی‌یە. بەڵام لەلایەکی ترەوە ئەم تێڕوانینە دەرگای باس لەهەردوو لاوە لەسەر ئەوە بەکراوەیی ئەهێڵێتەوە کە ئایا ئەم بڕیارەی کە دراوە (بەقازانج یان لەدژی جیابوونەوە) بڕیاری خودی ئەو میللەتە بووە یان نا. ئەو پرۆسەیەی کە تیایدا بڕیاری "خودی میللەت"ەکە معلوم ئەبێت‌و

جێئەكەوێت چیيە؟ بۆ نموونە چۆن دەكرێ لەوە بكۆڵینەوەو بیسەلمێنین كە جیابوونەوەكانی ئەم دوایییە لە وڵاتانی بالتیك یان چیكۆسلۆفاكیا ڕەنگدانەوەی ئیرادەی خودی میللەتە جیابووەوەكانو بڕیارێكی مەشروعو ڕەسەنی ئەوان بووە یان نا؟

ئەو پرسیارەی كە چ كەسێك بڕیار لەسەر ڕەسەنایەتیو ڕاستو دروستی پرۆسەی ڕەئیدانی میللەتێك لەسەر جیابوونەوەو جیانەبوونەوە دەدات، دووبارە باسی مافی دیاریكردنی چارەنووس دەگێڕێتەوە بۆ خاڵی سەرەتا. ئایا دەخالەتی دەوڵەتی مەركەزی یان كۆمۆنیستەكان وەیان تەنانەت جەماوەری خەڵكی "میللەتی سەردەست" لەداوەری كردن لەسەر ڕەسەنایەتی حقوقیی بڕیاری "میللەتی ژێردەست" لەگەڵ بەڕەسمیناسینی مافی میللەتان لە دیاریكردنی چارەنووسدا ناكۆك نیيە؟ وە لەبەرامبەر ئەمەشدا، ئایا چاوپۆشی كردن لەم پرۆسەیەو دەخالەت نەكردن تیایدا لەواقعدا بەمانای پاشگەز بوونەوە لە "مافی میللەتان لەدیاریكردنی چارەنووسی خۆیان"و جێگرتنەوەی بە "مافی ناسۆنالیزم لەدیاریكردنی چارەنووسی میللەتان"دا نابێت؟ هەر لەم پرسیارەدا بەئەندازەی پێویست كەرەسە بۆ جەنگێكی تری میللی وجودی هەیە.

سەرەنجام دەبێ ئەوە وەبیر بهێنینەوە كە پرۆسەی نیشاندانی ئیرادەی میللەتێك، كە ڕیفراندۆمو گەڕانەوە بۆ ڕای گشتی تەنها یەكێك لە شێوازەكانێتی، بەهەرحاڵ پرۆسەیەكی فۆرماڵیو حقوقیيە. چ بەو جۆرە بێت كە لە وڵاتانی بالتیكدا ڕوویداوەو حزبە ڕاستە توندڕەوەكان بە پشتیوانی شەپۆلی تەبلیغاتیی خەفەكەری غەربو بە زەوتكردنی مافی دەنگدان لەنزیكەی نیوەی دانیشتووان سەربەخۆییيان عەمەلی كردەوە یاخود ڕیفراندۆمێكی ئازادانەو بەدوور لە فشارو تۆقاندنی چاوەڕوان نەكراو ببێتە مایەی بڕیارێكی وا، بەهەرحاڵ هیچ كام لەم دوو حاڵەتە بۆ كۆمۆنیستەكان نابنە نموونەیەكی ماددی لەوەگەڕخستنی ئیرادەی واقعیی جەماوەری خەڵكی زەحمەتكێش لەچارەنووسی خۆیاندا. ووشەو عیباراتی وەك "ماف"، "بڕیاری ئازادانەی خودی میللەت"و شتی لەم بابەتە ئەم ڕاستیيە پەردە پۆش دەكەن كە ئەوەی بەعەمەلی خەریكە ڕوو دەدات، تەنانەت لە دیموكراتیك ترین پرۆسەكانیشدا، نەك بەدیهاتنی یەكێك لەمافە ڕەهاو هەمیشە موعتەبەرەكانی ئینسانەكان، وەكو ئازادی ڕادەربڕین یان مافی تەڵاق، بەڵكو هەڵبژاردنێكە لەنێوان سیناریۆ جۆراوجۆرە بۆرژواییيەكان بۆ ڕێكخستنی ئیداریو ئارایشتی ئایدۆلۆژیكی كۆمەڵگاو، ئینسانەكان لەم پرۆسەیەدا وەكو تاكەكانی یەك "میللەت"و لەسەر بنەمای ناسنامەیەكی درۆیینەو هۆشیارییەكی ئاوەژوو بەشداری دەكەن. ڕەنگە لەم یان لەو حاڵەتی دیاریكراودا پیادەكردنی مافی دیاریكردنی چارەنووس ژیانی ماددی زۆرێك لەئینسانەكان بۆ دەورانێك كەم دەردەسەریتر بكات. بەڵام ناوبردنی ئەم ئاڵوگۆڕانەو باسكردنیان لەقاڵبی مەقولاتێكی وەك مافو ئازادیو وەگەڕخستنی ئیرادە، ماهییەتی مەرجدارو چینایەتی پرۆسەكە پەردەپۆش دەكات. بێگومان بۆ كۆمۆنیستێك بەڕەسمیەت ناسینی مافی دیاریكردنی چارەنووسی میللەتان بەپێی مەنتق بەمانای هەمان ئەو ئەركو بەڵێنانە نابێت كە بەدوای بەڕەسمیەت ناسینی ئەو مافانەی كە ڕاستەوخۆ لەئامانجە ئینسانیو

یەکسانیخوازی‌یەکانی کۆمۆنیزمەوە سەرچاوە دەگرن. بەبڕوای من ڕوونکردنەوەی شێوازی مامەڵەی کۆمۆنیستەکان لەگەڵ سەربەخۆیی‌خوازیی میللی‌دا لەژێر ناوی "بەڕەسمیەت ناسین"ی جۆرێك لە "ماف"و هەربەم پێیەش دانانی ئەم مەسەلەیە لەڕیزی ئەو مافانەی کەبۆ بەدیهێنانیان لەکۆمەڵگادا خەبات دەکەین، زۆرتر لەوەی ڕۆشنگەری‌یەك بەدی‌بێنێ دەبێتە مایەی ناڕۆشنی‌و بەدحاڵی بوون.

3- وە سەرەنجام دەگەینە مەقولەی میللەت. میللەت چی‌یە؟ ئەمە لەو پرسیارانەیە کە لەبەرئەوەی لی‌یان نەپرسیوین پێمان وایە وەڵامەکانیان ئەزانین. ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە کە میللەتان، یان میللەت، ناڕۆشنترین‌و پڕگرێ‌وگۆڵترین بەشی ئەم فۆرمۆڵەیەیە. ڕەخنە لە مەقولەی میللەت، تەوەرەیەکی ئەسڵی باسەکەی منە لەم نووسراوەیەداو بەشێوەیەکی سەرەکی لەبەشی داهاتوودا دەچمە سەری. بەڵام لێرەدا بۆ تەواو کردنی ئەو چاوخشاندنەوەیە گشتی‌یەمان بە بەشەکانی فۆرمۆڵەی مافی دیاریکردنی چارەنووس‌دا، بەبێ تەفسیلات‌و بەڵگە هێنانەوە ئاماژەیەکی کورت بە ناکۆکی میحوەری‌ی ئەم مەقولەیە دەکەم.

بگەڕێینەوە سەر نموونەی مافی تەڵاق. نموونەیەکی ڕۆشنە. جیاوازی مافی جیابوونەوەی میللەتان لەگەڵ مافی تەڵاق‌دا ئەوەیە کەبەپێچەوانەی تەڵاقەوە کەتیایدا هەردوولا بوونەوەری حەقیقی‌و لەڕووی ناسنامەیی‌یەوە دیاریکراوو مەلموسن، ناسنامەیان لەکات‌و شوێندا بەردەوامی‌ی هەیە، لەبارەی مافی میللەتانەوە ناکرێ لێکدانەوەیەکی لەم چەشنە لە دیاریکراوبوون‌و بابەتی بوون‌و بەردەوامیی ناسنامەی دوو تەرەف بەدەستەوە بدرێ. مەعلوم نی‌یە کە مافی جیابوونەوە خەریکە دەدرێتە چ‌بوونەوەرێك. زۆر هەوڵی بێ‌هودە دراوە بۆ داڕشتنی پێناسەیەك بۆ میللەت. لێکدانەوە ئەبجەکتیڤەکان، کە ئاماژە بۆ هەندێ فاکتەری وەك بوونی زمان، کات، مێژوو، عورف‌و عادەت‌و نەریت‌و شتی تری لەم بابەتەی هاوبەش دەکەن، وە لێکدانەوە سەبجەکتیڤەکان کە بەشێوەیەك لەشێوەکان ئینتمای میللی بەبەرهەمی هەلبژاردن‌و بڕیاردانی خودی جەماوەری خەڵك دادەنێن. هەمووی ئەم پێناسانە کاتێك لەگەڵ دەستەبندی‌یە میللی‌یە واقعی‌یەکانی دنیادا بەراورد دەکەین نادروستی‌و نەهاتنەوەیان لەگەڵ ئەوەی کە لەواقعدا هەیە ئاشکرا دەبێت.

میللەت مەقولەیەکی دیاریکراوی‌یە کە بەسادەیی بکرێ پێناسە بکرێت‌و بناسرێتەوە. ئەم نادیاریکراوی‌یە دەکرێ لەئاستی جیاجیادا شی‌بکرێتەوە. ئینتمای میللی، ناکرێ بۆ نەژادو تەنانەت بۆ ڕەگەزیش بگێڕدرێتەوە. ناکرێ بگێڕدرێتەوە بۆ تایبەتمەندی‌یە بایۆلۆژی‌یەکانی بەشەر، بەبوون‌و ژیان لەسەر یەك نیشتمان دیاری ناکرێت. میللەت‌و ئینتمای میللی، زمانی هاوبەش نی‌یە، عورف‌و عادەتی هاوبەش نی‌یە، ئەزەلی نی‌یە، ئەبەدی نی‌یە، بەرهەمی مێژووە، بەوجود دێت‌و لەناو دەچێت، دەگۆڕێت‌و سەرلەنوێ پێناسە دەکرێتەوە. لەڕووی فیزیکی‌یەوە، میللەت بوونەوەرێکی تاقانەی خاوەن یەك جەستەو یەك هۆش نی‌یە، بوونەرێکی ئاوێتەیە لە تاك تاکێکی جیاجیاو نەوەی جۆراوجۆرو هەمیشە لەحاڵی ئاڵوگۆڕی ئینسانەکان. تائەم ساتە

پێناسەیەك لە میللەت بەدەستەوە نەدراوە كە بتوانێ ناسنامەی هاوبەشی میللی بەشێوەیەكی ئەبجەكتیڤ، لەسەر بنەمای كۆمەلێك تایبەتمەندی مەلموسو تەفسیر هەڵنەگر بەیان بكات. هەركام لەو فاكتەرانەی سەرەوە یاخود هەركۆمەلێكلەوانە وەكو زمانی هاوبەش، مێژووو فەرهەنگی هاوبەش، نیشتمانی هاوبەشو...تاد بكەینە پێوەرو بناغە، ئەگەر هەندێك لێی قووڵ ببینەوە، ئەبینین كە ئیستسناكان لە قاعیدە گشتییەكان زۆرترنو پەی بە زهنی بوونو هەڕەمەكی بوونی هەموو دەستەبەندییە میللییەكانو تەنانەت خودی فاكتەرەكانیش دەبەین. لەنێو هەموو ئەم ناسنامانەی كەبەدرێژایی مێژوو بۆ دەستەبەندیكردنی ئینسانەكان داتاشراون، لە ئینتمای خوێنی، قەبیلەیی، قەومی، جنسیو نەژادیو ...تاد، میللەت لە هەمووان شلۆكتر، نادیاریكراوتر، بێپاساوترو زهنیترو لەڕووی مێژووییەوە مەرجدارترە.

ئینتمای میللی بەپێچەوانەی جنسی ئینسانەكانەوە خوڵقاوی سروشت نییە، خوڵقاوی كۆمەڵگاو مێژووی ئینسانە. ئینتمای میللی لەم ڕوانگەیەوە لە ئایین دەچێت. بەڵام بەپێچەوانەی ئینتمای دینییەوە، ئینتمای میللی تەنانەت لەئاستێكی فۆرماڵییشدا شتێك نییە كە خۆت هەڵیبژێریو دیاری بكەیت. وەك تاكێك ناتوانیت بە میللەتێكی تایبەتەوە پەیوەست بیت، یاخود لێی دابڕێیت. (هەرچەندە بەشێك لەتوێژەوەرەكانی میللەتو میللەت چێتی تێڕوانینێكی سەبجەكتیڤی لەم چەشنەیان لەم مەقولەیە بەدەستەوە داوە). ئەم تایبەتمەندییە، كاراییو توانایەكی سیاسی سەرسوڕهێنەر بە میللەتو ئینتمای میللی دەبەخشێ. كۆتێكە لەگەردنی جەماوەری فراوانی خەڵك كە هیچ كەسێك نازانێ لەكوێوە هاتووەو ناتوانێ بەشوێن سەرچاوەكەیدا بگەڕێو بەم حاڵەشەوە بوونی ئەوەندە شتێكی سروشتیو بەڵگەنەویستە كە هەمووان بەبەشێك لە پەیكەرو بوونی خۆیانی دەزانن. بەڵام نەوەی ئێمە شانسیئەوەی پێ بڕاوە كە لەماوەی ژیانی خۆیدا بەشێوەیەكی ڕۆژانە دروست بوونی میللەتی تازەو بێئیعتباریی مەقولاتە میللییەكانی پێشوو بەچاوی خۆی ببینێو هەربەم بۆنەیەوە دەتوانێ ناسنامەی میللی وەك بەرهەمێكی ئابووری سیاسی ببینێتو، تەنانەت ڕەخنەشی لێبگرێت. ئینتمای میللی قاڵبێكە بۆ دەستەبەندیكردنو ئارایشتدان بە ئینسانەكان لەپەیوەند بەبەرهەمهێنانو ڕێكخستنی سیاسی كۆمەڵگاوە. میللەت بەمانای كۆی ئەو ئەفرادانە نییە كە یەك ئینتمای میللییان هەیە، بەپێچەوانەوە، ئینتمای میللی فەرد بەرئەنجامی سەپاندنی ناسنامەی میللی كۆیە بەسەر ئەودا. ئەوە میللەتەكان نین كە جودا دەبنەوە یان پێكەوە دەلكێن، بەڵكو ئەوە پێكەوە لكانو جیابوونەوە داسەپاوەكانە بەسەر جەماوەری ئینسانەكاندا كە میللەتەكان پێكدەهێنێ. ناسیۆنالیزم بەرهەمی سیاسیو ئایدۆلۆژیكیی میللەتان نییە، بەپێچەوانەوە، ئەوە میللەتانن كە بەرهەمی ناسیۆنالیزمن.

هەروەك وتم دەبێ باسی دوورو درێژتر لەسەر ڕەخنەگرتن لە ناسنامەی میللی هەڵگرم بۆ بەشی دواتر. لێرەدا هەرئەوەندە پێویست بوو ئاماژە بۆ ئەوە بكرێ كە مەقولەی میللەت كە تەوەرەی فۆرمۆڵەی "مافی میللەتان لەدیاریكردنی چارەنووسی خۆیاندا" پێكدەهێنێ،

مەقولەیەکی نادیاریکراوو نائۆبجەکتیڤە. ئەمەش بەو مانایە نییە کە ئینتمای میللیو ناسنامەی میللی نامادديو خەیاڵییە. بەڵکو بەو مانایەیە کە لەهەر بڕگەیەکدا، بەجیاوازو دابڕاو لە دەورەی مێژوییو ڕەوەندە سیاسییەکانو هاوسەنگییە ئایدۆلۆژییەکان لەکۆمەڵگادا قابیلی پێناسەکردن نییە. میللەت مەقولەیەکی ڕەهاو سەربەخۆ نییە. بەرهەمێکی ناجێگیرو هەمیشە لەحاڵی ئاڵوگۆڕی قەڵەمڕەوی سیاسەتە. لەبەرئەمە، مافی میللەتان لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا لەوە ناڕۆشنترو نادیاریکراوترە کە وەك مەبدەئیکی جێگیری سیاسیو بەرنامەیی تەماشا بکرێت.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە پێشتر باسکرا، ئەگەر مانای ژێرەوەی ئەم فۆرمۆڵە بە بنەما وەربگرین، بەڕەسمییەت ناسینی مافی میللەتان لەدیاریکردنی چارەنووسدا دەکاتە ئەوەی کە مافی بڕیاردانی یەكلایەنە بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بدرێ بەهەر کۆمەڵە خەڵکێك کەخۆیان، یان لایەنێك لەجیاتی ئەوان، ئیدعای ناسنامەیەکی میللی سەربەخۆ بکات. بەزەحمەت دەکرێت ئەمە بە مەبدەئێکی ئازادیخوازانەی کۆمۆنیستی دابنرێت.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بۆ کۆمۆنیستەکان "مافی میللەتان لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا" ئاماژە بە شتێك دەکات کە جیاوازە لەوەی ووشەکان بەیانی دەکەن، وە ئێمە وەکو کۆمۆنیست ڕێك تەنها لەو مانا نادیارەی ئەم فۆرمۆڵەدایە کە بەڕاستی سوودمەندین. بەڕەسمییەت ناسینی مافی دەستەبەندییە میللیو قەومییەکان لەوەی هەریەکە وڵاتی خۆی دروست بکات، لەڕوانگەی منەوە مەبدەئێکی پرەنسیپیی کۆمۆنیستەکان نییە، تەنانەت ئەگەر لێکدانەوە مینیمالیستیو بەبڕوای من دروستەکەی لینینیش لەمەڕ ئەو ئەرکانەی لە ئەنجامی ئەم بەڕەسمییەت ناسینەدا ئەکەوێتە سەرشانمان قبووڵ بکەین. بەڵام نە بۆ لینینو نەبۆ ئێمەش ڕووی دەرەوەی ئەم فۆرمۆلبەندییەو ئەو ئەرکە حقوقییانەی لێی دەکەوێتەوە ئەسڵی مەسەلەکە نییە. شیعاری مافی دیاریکردنی چارەنووس فۆرمۆلێکە بۆ وەستانەوەی کۆمۆنیستەکان لەبەرامبەر ڕاستییەکی تاڵی مێژوییو زەمانەت کردنی کەم دەردیسەریترین ڕێگا بۆ وەلانانی لەڕێڕەوی خەبات لەپێناو ڕزگاریو ئازادی ئینسانەکاندا. ئەم ڕاستییە تاڵە، ستەمی میللییە کە فۆرمۆڵی مافی دیاریکردنی چارەنووس تەنانەت ئاماژەیەکیشی پێناکات. دەوری ئەم فۆرمۆڵە بۆ لینینو بەلشەفیزمو بۆ ئێمە بریتییە لە ڕێخۆشکردن بۆ خەبات لەپێناوی یەکێتی چینایەتی لەبەرامبەر تەفرەقەی میللی، خەبات لەدژی ستەمو هەڵاواردنی میللی، وە ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ژەهراوی نەتەوەپەرستی لەنێو ڕیزەکانی بزووتنەوەی چینی کرێکاردا. ئەمڕۆ، لەڕۆژگارێکدا کە ئەم تەفرەقەیە حوکم دەکاتو هەوڵی ئێمە لەپێناوی یەکێتی کرێکاراندا هەولێکی دژە ڕەوەندە، لەڕۆژگارێکدا کە میللەت پەرستیو میللەت داتاشین لەوپەڕی دنیاو لەپێش هەمووشیانەوە لەناوجەرگەی ئەوروپادا ملیۆنەها ئینسان خەڵتانی خوێنو بێخانەو لانە دەکات، لەڕۆژگارێکدا کە جیهانی بوونی بەرهەمهێنان، ناوەڕۆك پووچیی ئینتمای میللیو پەیوەندی لێك دانەبڕاوی "چارەنووس"ی خەڵکی هەموو دنیای هێناوەتە بەرچاوی ئەوان،

مەرجی خەباتی ڕاستەقینە لەدژی ستەمی میللیو تەفرەقەی میللی، گرتنەدەستی شیعارێکە کەخودی میتۆدۆلۆجیای میللەتو "چارەنووس"ە میللیە جیاوازەکان بەهێز نەکات. ئەگەر فۆرمۆڵی مافی میللەتان لەدیاریکردنی چارەنووس خۆیاندا ڕۆژگارێك بەکاربردنێکی ئاوا کارسازی بۆ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی هەبووە، ئەوا ئەمڕۆ، لەدەورەیەکی تری ژیانی مەقولەی میللەتدا، ئەم فۆرمۆڵە جگەلە هەگبەیەك لەناکۆکیو ناڕۆشنیو تەخشانو پەخشان کردنی خۆشباروەری شتێکی تر نییە.

## بەشی دووەم:

## "لیستەی ستالین"

بەشی یەکەمی ئەم نووسینەمان بە چاوخشاندنەوەیەکی خێرا بەسەر فۆرمۆڵەی "مافی میللەتان لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا" دەست پیٚکرد. دیارە مەبەستمان هەللاجیکردنی ئەم فۆرمۆڵەیە نەبوو، بەڵکو مەبەستمان ئەوە بوو کە گۆشەیەك لەو ناکۆکیو ناڕۆشنییانە بخەینە ڕوو کە سەرتاپای باسی میللەتو میللەتگەرایی داگرتووە. لەکۆتایی بەشی پێشوودا گەیشتینە سەر مەقولەی "میللەت". بەڕای من گریٚ سەرەکییەکە لەم مەقولەیەدایە. مەقولەی میللەت، نەك تەنها لەبیرکردنەوەی چەپ وەیان لەپێوانە بەرنامەییە کۆمۆنیستییەکانی تائێستای سەبارەت بەمەسەلەی میللیدا، بەڵکو لەبەشی هەرەزۆری ئەو شتەی کە کۆمەڵگای ئەمڕۆ وەکو مێژووی خۆی وەیان وەکو ناسنامەو وجودی کۆمەڵایەتی خۆی سەیری دەکات، بووەتە سەرچاوەی سەرلێشێواوییەکی قووڵو لنگەوقوچییەکی بنەڕەتیی لە توێژینەوەو بیرکردنەوەدا.

نیشاندانی ئەوەی کە ڕێبازە باڵادەستەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکانو تیۆری سیاسیو، هەندیٚ جار تەنانەت زانستە ماتماتیكو سروشتییەکانیش لەکۆتایی سەدەی بیستەمدا تا چ ڕادەیەك تێکەڵ بە خورافەو ئەفسانەن، کارێکی زۆر دژوار نییە. ئەوەی کە مرۆڤی کۆتایی سەدەی بیستەم، بەتایبەت لەزمانی ئەندێشمەندە ڕەسمییەکانییەوە، سەرهەڵدانی خۆی، فەلسەفەی ژیانی خۆی، هۆی کردە فەردیو جەمعییەکانی خۆی، سەرچاوەی بەختەوەریو بەدبەختی، یاخود خۆشگوزەرانیو بیٚبەشییەکانی خۆیو ...تاد، چۆنو بە چ مەقولاتێك لێك دەداتەوە، بیٚگومان دەبێتە مایەی گاڵتەجاڕیی نەوەکانی داهاتوو. هەڵبەتە هەندێك لەم خورافاتانە تەمەنیان بەسەر چووە. ئەمڕۆ، بۆنموونە، سەرەڕای شەپۆلی پاشەوپاش گەڕانەوەی دژایەتی کردنی عیلمانیەتو ڕەونەق پەیداکردنەوەی سەرلەنویٚی بنەو بارگەی دین، هێشتا گێڕانەوەی "خوا"، لانی کەم خوای دینیی، بۆ زانکۆکانو توێژینەوە زانستییەکان، عەمەلی نییە. بەڵام ڕێچکەی ڕەسمیی لێکدانەوە زانستییەکانی دنیای هاوچەرخ، بەتایبەتی لەهەندیٚ ڕشتەی وەك تیۆری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵناسیو دەروونناسیدا پشتی بەکۆمەڵێك مەقولەو بەدیهییات بەستووە کە بەهەمان ڕادە خورافیو ناحەقیقین. مەقولەی میللەت یەکێکە لە گرنگترینیان.

## میللەت چییە؟

ئەمە خاڵی دەستپێکردنی گەلێك لەتوێژینەوەکانە لەسەر میللەتو میللەتگەرایی. لەسەرەتاوە وا دێتە بەرچاو کە گرفتی سەرەکی، دژواریی بەدەستەوەدانی پێناسەیەکی زانستییە، وەیان پێناسەیەك کە هەموو لایەك لەسەری کۆك بن. ئەوە ڕاستە کە بەدەستەوەدانی پێناسەیەکی پوختەو پاراو لە مەقولەی میللەت، لەسەر بناغەی کۆمەڵێك تایبەتمەندی ماددیو مەلموس ( وەك زمانی هاوبەش، نیشتمانی هاوبەش، خوو نەریتی هاوبەشو ...تاد) کە بەپشت بەستن پێی میللەتە ڕەسەنەکانی جیهان لە میللەتە ساختەکان جیا بکرێنەوە، کامەی میللەت بێت تیایدا بگونجێتو ئەوەی میللەت نەبێت نەگونجێت، تا ئەمڕۆ لەتوانای زاناو سیاسەتمەدارەکاندا نەبووە. ستالین، تەنانەت بە دان پێیانانی نەیارە سیاسیو مەکتەبییەکانیشی، لەڕیزی ئەو کەسانەیە کە لیستێکی تاڕادەیەك هەمەگیریان لەو تایبەتمەندییانە کۆکردۆتەوە کە میللەتان لێك جیا دەکاتەوە. بەڵام، هەروەك دواتر ئەیبینین، ئەو لیستانەی کە تایبەتمەندییەکانی میللەتانیان دەستنیشان کردووە، تەنانەت لە لیستە هەمەگیرو ستالینیو میکانیکییەکەشیدا، نەیانتوانیوە هەر ئەم میللەتانەی کە بەواقعی لەجیهاندا هەن بەدروستی دەستەبەندی بکەنو لە زۆربەی ئەم لیستانەدا ئیستسناکان زۆرترن لەوانەی کە قاعیدەکە دەیانگرێتەوە.

بەڵام بەبڕوای من گرفتەکە لە دژواریی پێناسەکردنی میللەتدا نییە. لەبارەی دوو بەشەکەی تری فۆرمۆڵەی "مافی میللەتان لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا" ڕەنگە بکرێ بە پێناسەیەکی دروست یان بەهەرحاڵ بەڕێکەوتن لەسەر پێناسەیەکی دیاریکراو، گرێیەك لەمەسەلەکە بکرێتەوە. بۆ نموونە دەکرێ لەسەر ئەوە ڕێك بکەوین کە دیاریکردنی چارەنووس لەفۆرمۆڵبەندییەکەی ئێمەدا بەمانای پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆیەو "بەڕەسمی ناسینی" ئەم مافە هەر ئەو مانا سلبیو لانی کەمەی هەیە کە لینین مەبەستی بوو. بەڵام لەبارەی مەقولەی میللەتەوە بەبڕوای من ئەسڵی مەسەلەکە هەرگیز لێرەدا نییە، بەڵکو هەنگاوێك لەپێشترە. گرفتەکە لێرەدایە کە ناکرێ پێناسەو لیستێك لە تایبەتمەندییەکانی "میللەت" بەدەستەوە بدرێت (هەروەك ناتوانرێ لەبارەی "خوا" یان "سیمرغ"[*]ەوە ئەمە بکرێت) بەبێ ئەوەی کە لەپێشدا خودی بوونی ئەو سەلمێنرابێت یان وەکو بەڵگەنەویستێك سەیر کرابێت. شتێك دەتوانرێت بەپێی تایبەتمەندییەکانی پێناسە بکرێت، کەخۆی بەرلە پێناسەکەی ئێمەو سەربەخۆ لەپێناسەکەی ئێمە وجودی هەبێت. ئەگەر ئەو دیاردەیە یان ئەو شتە، سەربەخۆ لەپێناسەکەی ئێمە وجودی نەبێت، ئەوکاتە هەوڵی ئێمە بۆ پێناسەکردنی خەسڵەتو تایبەتمەندییەکانی، لەڕاستیدا هەوڵێکە بۆ خوڵقاندنی. پێناسەکردنی تایبەتمەندییەکانی خوا،

[*] سیمرغ، باڵندەیەکی ئەفسانەییە–وەرگێڕ.

هـەوڵێکی زانستی نـی‌یـە، بـەڵکو کـارێکی دیـنی‌یـە، وە بـەم پـێ‌یـە سیاسـی‌یـە، بـۆ خوڵقانـدنی خوڵقێنەریکی باڵادەستو بەتوانا لە زەینو ژیانی خەڵکیدا. ژماردنی خەسڵەتەکانی دێوو درنجو بوونەوەرە ئەفسانەیی‌یەکان، هەوڵێکە بۆ دروستکردنی وێنەی ئەمانە لـە مێشکی گوێگرداو لـەم ڕێگایـــەوە کاریگـــەری دانـــان لەســـەر ژیـــانو کـــردەوەی ئـــەوان. پێناســـەکردنی میلـــەتو تایبەتمەندی‌یەکانی میللەتیش، هەوڵێکی زانستی نی‌یە بۆ ناسینو وەسفکردنی بابەتی‌یانەی بوونەوەرێکی خارجیو مەلموس، بەڵکو دەخالەتێکی چالاكو زاتی‌یە لەپرۆسەی دروستبوونی میللەتو میللەتاندا. ئەمە کارێکی سیاسی‌یە. هەوڵە زانستیو ئەکادیمی‌یەکان بۆ دیاریکردنی تایبەتمەنـدی‌یـەکانی میلـەت، بەشـێكو سـاتێکە لـە بزووتنەوەیـەکی فـراوانتری سیاسـی بـۆ خوڵقاندن وەیـان هێشتنەوەو دەمەزەردکردنـەوەی میلـەتان. جیـاوازی ئـەم دووانـە لەوەدایـە کـە ئەگەر دین سەرەنجام ناتوانێ خودایەك لەدەرەوەی مێشكو بیروباوەڕی خەڵکی‌دا بخولقێنێ، ئـەوا میللەتسازیی، واتە "پێناسە"کردنی "میللەت" بەمانا سیاسیو پراکتیکی‌یەکەی ئەم ووشـەیە، لـەزۆر حاڵەتدا بـەواقعی دەبێتـە هـۆی پێکهێنـانی دەستەبەندی‌یە ماددی‌یە میللی‌یـەکان لـەنێوان خەڵکی‌دا.

تێگەیـشتنی زاڵ بەسـەر زەیـنی گـشتی‌ی، بەسـەر بیرکردنـەوەی ئـەکادیمی، بەسـەر چـەپی ناسراو بەکۆمۆنیستو تەنانەت بەسەر بەشی هـەرە زۆری بزووتنـەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری‌ی تائێستادا، ئەم لنگەوقوچی‌یەی لەخۆیدا حەشارداوە. تەنانـەت لـەدەروونی چـەپو بزووتنـەوەی کۆمۆنیـستی تائێـستادا، ئینتمـاو ناسـنامەی میللـی کەسـەکان، هـەروەکو جنـسی ئـەوان، بـە تایبەتمەنـدی‌یـەکی بابـەتی‌و دراوو گومـان هەڵنـەگر دەژمێردرێـت (ئـەوەی کـە جنسو جیـاوازی جنـسی‌ی بووەتـە کۆڵەکەیـەکی ناسـنامەو خۆناسـی‌ی کۆمەڵایـەتی کەسـەکان، ئەمـەش خـۆی بەرهـەرمێکی مێـژوویی کۆمـەڵگا چینایەتی‌یەکانی تائێستایەو جێگـای ڕەخنەیـەو لێرەدا ناچمە سەری).

لێرەدا من تەنانەت مەبەستم لەو مەیلە جۆراوجۆرانە نی‌یە لە مێژووی کۆمۆنیزمدا کە چەند جۆرێکی تایبـەتیان لـە ناسیۆنالیزمو نـەژادی قـەومی‌و نیشتمانپەروەری تەقدیس کـردووەو لـە کۆمۆنیزمەکەی خۆیـان بارکردووە. کۆمۆنیزمی ڕوسی‌و چینی‌و جیهان سـێ‌یـەمی، کۆمۆنیزمی دژی مۆنۆپـــۆلی‌و دژی ئەمپریالیـــستی‌و دژی یـــانکی‌و کۆمـــۆنیزمی سوســـیال دیموکراتیـــك- سەندیکایی‌و چەپی نوێی غەربی‌ی کەلەسەر وێرانەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر سەوز بوون، هـەموویان زیاتر لەوەی کە ڕەنگوبۆی ئەنتەرناسیۆنالیزمیان پێوە بێت، داتاشراوی ناسیۆنالیزمو ناسیۆنال ریفۆرمیزم بوون.

لـە ئێراندا، گشت چـەپی تەقلیدی، لـە حزبی تودەی پێری‌یەوە، تا فیدایی‌و ڕاەکاگرو هێڵـی سـێ‌ی دوێـنێ‌و چـەپە تـازە دیموکراتـە "پـاش- جـەنگی سـاردی"یـەکان، هـەموویان لەسـەر زەمینەیەکی بەهێزی ناسیۆنالیستی‌و نیشتمان پەروەرانە سەوز بوون. کە نەتـەنها قبـووڵ کردنـی مەقولەی میللەت وەکو واقعیـەتێکی بابـەتی‌ی دەرەکـی بـەڵکو تقدیس کردنـی‌و بینـاکردنی هـەموو

وجودی سیاسی خۆی لەسەری، لە تایبەتمەندیـیە سەرەکییـەکانێتی. میللەت، بۆ ئەم ڕەوتانە، چوارچێوەیەکی گشتییە کە خەڵکی وڵاتێک پێش هەر دابەشبوونێکی تر، بەوێنەی چینەکانو...تاد، تیایدا کۆدەبنەوە. کرێکارو بۆرژواو ژنو پیاوو ڕەشو سپی، هەژارو دەوڵەمەندو پیرو لاو، بەقسەی ئەوان تەقسیماتی ناوخۆیی یەک میللەتێکنو بەشە جیاجیاکانی ئەو پێك دەهێنن. عیبارەتی قێزەونی "کرێکارانی وڵاتەکەمان" کە ڕازێنەرەوەی تەقریبەن هەموو وتارە "کرێکاری"یەکانی گروپەکانی سەربەم تەقلیدە سیاسییەیە، یان پێداگرتنی ناسیۆنالیستییانە بۆ ناوبردنی ئەو کرێکارەی کە لە تاران لەدایك بووەو هەشت ساڵ پێشینەی کاری لە کۆمپانیای مارسیدس بێنز هەیە لە خودی ئەڵمانیا، بە "کرێکاری دوور خراوەی ئێرانی"، هەموویان نیشانەی لەپێشتر بوونی تحلیلیو عاتیفی مەقولەی میللەتن لەباقی دابەشبوونە واقعیو دراوەکانی جەماوەری خەڵك.

سەیر لەوەدایە کە بۆ زۆربەیان ئاستی دووەمی لێکدانەوە، لەدوای میللەت، هێشتا چینەکان نییە. بەڵکو "گەلان"ە. گەل لەم تێڕوانینەدا میللەتێکە بێدەوڵەت، بێهێزو زۆرجار ستەم لێکراو، لەناو میللەتێکی تردا. بۆ چەپی ئێران مەقولەی "گەلان" سەرەنجام هاوتایە لەگەڵ هەست کردن بەبەزەییو میهرەبانیو چاوپۆشی لێکردنێکی تایبەتیش. فەرهەنگو نەریتی گەلان، ئەو نەریتانەی کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی خودی ئەو گەلانە دەیانەوێ هەرچۆنێك بێت لەدەستی هەڵبێن، دەبێتە بەشێك لە فەرهەنگی شۆڕشگێڕانەی چەپی سەرتاسەری. ئەگەر وڵاتێك بەحوکمی پرۆسەی مێژوویی "فرە میللەت"و چەند گەلیی ڕەخسا بێت، ئەو کاتە کرێکارانی دانیشتووی ئەو وڵاتە بۆ بەدەستهێنانی لانی کەمی هۆشیاری چینایەتی دەبێ بەسەر دوو ناسنامەی میللیدا باز بدەن. مەقولاتی وەك "کرێکارانی کورد"، "کرێکارانی بلوج"، "کرێکارانی ئازەری" چەند نموونەیەکی ترن لە مەقولاتی ناسۆنالیستی باو لە ئەدەبیاتی چەپی تەقلیدیی ئێراندا.

بەهەرحاڵ هەروەك ئاماژەم بۆ کرد ئەمانە جێگای چەق بەستنی سەرنجی ئێمە نین لەم باسەدا. گرفتی ئەم ڕەوتانە تەحلیلی- تیۆریك نییە. مەعریفی یان تیۆری نییە. بەڵکو ناسۆنالیزمو میللەت پەرستیی ئاگایانەی ئەوانە.

کێشەکە ئەوەیە کە لە تەقلیدی کۆمۆنیزمی ئەنتەرناسیۆنالیستیشدا تێگەیشتنی باو لە مەقولەی میللەتو ناسیۆنالیزم بەئەندازەی پێویست ڕەخنەگرانە نییەو بەتایبەتی پەیوەندی نێوان میللەتو ناسیۆنالیزم لنگەوقوچ نیشان دەدرێت. لەم تێڕوانینەدا میللەت دیاردەیەکی دراو، بەڵگەنەویستو مەلموسە، وە ناسیۆنالیزم بەرهەمی فکریو سیاسی چەوتو بۆگەنی میللەتێکە. ناسیۆنالیزم خۆوشیارییەکی چەوتە، کە چینە باڵادەستەکان تێدەکۆشن بەسەر ئەفرادەکانی میللەتێکدا زاڵی بکەن. ڕواڵەتی مەسەلەکە بۆ بەشی هەرەزۆری کۆمۆنیزمی ئەنتەرناسیۆنالیستی، خەبات بووە لەدژی ناسیۆنالیزمو پێشگرتن بە پەرەسەندنی نفوزی لەنێو میللەتێکدا. خودی میللەت، وەکو مەقولەیەك، وەکو دیاردەیەك، لەشوێنی خۆیدا ماوەتەوەو نە

جێگای پرسیارەو نە ڕەخنە. میللەت وەکو بوونەوەرێك چاوی لیٚدەکرێت کە بارێکی سیاسیو چینایەتی تایبەتی نییە. کۆمەڵێك لە ئینسانەکانن کە هاوبەشییان لە کۆمەڵێك تایبەتمەندی دیاریکراودا دەیانکاتە میللەتێك. کۆمەڵێك لە ئینسانەکان کە هەر بەم ئیعتبارە، وەکو میللەتێك، دەتوانن دەورێکی سەربەخۆو تایبەت بەخۆیان بگێرن لەمێژووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا. دەتوانن خاوەنی ماف، خاوەنی دەوڵەت، خاوەنی سەربەخۆییو خاوەنی چارەنووسی تایبەتی خۆیان بن.

لە واقعدا پەیوەندییەکە بەپێچەوانەوەیە. ئەوە میللەتە کە بەرهەمو دەستکردی مێژوویی ناسیۆنالیزمە. ناسیۆنالیزم بەرلە میللەت وجودی هەیە. ئەگەر ئەم لێکدانەوەیە قبووڵ بکەین، ئەوکاتە یەکسەر ئەوە ڕۆشن دەبێتەوە کە خەباتی کۆمۆنیزم لەدژی ناسیۆنالیزم، سەرەنجام خەباتێك نییە لەسەر پاڵ پێوەنانی میللەتان بۆ ئەم یان ئەو خۆوشیاریو کاری سیاسیو کۆمەلایەتی، بەڵکو خەباتە لەسەر خودی ئینتما یان عدم ئینتمای میللی ئینسانەکان. لەسەر ڕەتکردنەوەو قبووڵ نەکردنی ناسنامەی میللی. سەرکەوتن بەسەر ناسیۆنالیزمدا، بەبیٚ تەحقیق کردنی گوزارێك لە مەقولەی میللەتو ناسنامەی میللی، ئیمکانی نییە. هەروەها ئەوە ڕۆشن دەبێتەوە کەچۆن فۆرمۆڵی بەرنامەی "مافی میللەتان لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا" بە شەخسیەت پیٚدانو ماددیەت پیٚدان بە مەقولەی میللەت، وەکو بوونەوەرێك کە پێشوەخت کۆمەڵێك مافی تایبەتی خۆی هەیە، بەکردەوە لەجیاتی ئەوەی هەڵوێستێکی تاکتیکی بێت بۆ پاشەکشەپیٚ کردنو پووچەڵ کردنەوەی ناسیۆنالیزم، دەبێتە بەڕەسمییەت ناسینێکی ستراتیجییانەی ناسنامەی میللیو بەمجۆرە زەربە دەدات لە مەسەلە واقعییەکەی خۆی.

ئەمانە ئەو بابەتانەیە کەدەبیٚ زیاتر لێیان وورد ببینەوە. بۆ ئەم مەبەستە دەبیٚ چەند هەنگاوێك بگەڕێینە دواوەو لە چاوگێڕانێك بەسەر ئەو تایبەتمەندیو پێکنەرانەوە دەستپیٚبکەین کە پێناسەی میللەت پێك دەهێنن.

### "لیستەی ستالین":

ستالین تاقە کەسێك نییە کە پێناسەیەکی لە میللەتو لیستەیەکی لە تایبەتمەندییەکانی میللەت بەدەستەوە دابێت. بەڵام دەستپیٚکردن لە ستالینەوە لەو ڕووەوە بەکەڵکە کە یەکەم، بناغەی فۆرمۆڵبەندییەکەی ئەو لێکدانەوەیەکە کەچەپ لەگەڵیدا ئاشنایەو بمانەویٚو نەمانەویٚ کاریگەری لەسەری هەیە، دووەم، لیستەی ستالین لیستەیەکی تێکەڵەی کەم تازۆر هەمەگیرە کە سەرەکیترین ئەو تایبەتمەندییانەی لەخۆیدا کۆکردۆتەوە کە پێشینانی ئەو بۆ میللەتیان ژماردووە. ستالین تا ئەو پلەیە لە تێکەڵیی بەرهەمەند بووە کەبتوانیٚ کۆمەڵێك فاکتەر لەژێر چەتری یەك فۆرمۆڵو یەك تیئۆری سەبارەت بەمیللەت کۆبکاتەوە کە هەندێکیان تەنانەت لەگەڵ یەکتر ناکۆکن.

میللەت چییە؟ بە بۆچوونی ستالین بە خەڵکێك دەوترێت میللەت کە *"لە ڕەوتێکی گەشەی مێژوویداو بەشێوەیەکی پایەدار، زمانێکی هاوبەش، نیشتمانێکی هاوبەش، ژیانێکی ئابووری هاوبەش، وە سیماو قاڵبێکی دەروونیی هاوبەشیان گرتۆتە خۆ کە لە فەرهەنگێکی هاوبەشدا ڕەنگ دەداتەوە"* . هەڵبەتە ستالین ئەوەش وەبیردێنێتەوە کە میللەت وەکو بەرهەمێکی مێژوو، ئەبەدیو ئەزەلی نییە، ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێو سەرەتاو کۆتاییەکی هەیە. لە ڕوانگەی ستالینەوە، هیچ یەکێك لەم تایبەتمەندییانە بەتەنهایی کافی نییە بۆ ناودێر کردنی ئەم یان ئەو کۆمەڵ لە خەڵکی بە میللەت. بەڵام نەبوونی تەنها یەکێکیان کافییە بۆئەوەی ناوی میللەتیان لێوەربگیرێتەوە. بەم مانۆڕە تحلیلییە، ستالین، بەشێوەیەکی ناسەرکەوتووانە، هەوڵ ئەدات یەخەی خۆی لەم گرفتە دەرباز بکات کە بەپێی هەر تەنها دانەیەك لەو تایبەتمەندییانە، پێکهاتەی میللی جیهانو لیستی میللەتانی واقعی، چ ئەو کاتەو چ ئەمڕۆ، شتێکی تری غەیری ئەو پێکهاتە کۆنکرێتو ئەمپریکییە دەرئەچوو کە بەعەمەلی هەیە. ستالین خۆی ئەو نموونانە دەزانێ کە بەتەنها وەرگرتنی هەریەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ڕەت دەکەنەوەو جاروبار ناویشیان دەبات. بەڵام بەستنەوەی شایستەیی میللی بە بەهرەمەند بوون لە تێکڕای ئەم تایبەتمەندییانە، نەتەنها کەموکوڕی هەرتاکە پێکنەرێك پڕناکاتەوە، بەڵکو نەهاتنەوەی پێناسەی میللەت لەگەڵ واقعییەتی کۆنکریتدا هەرچی زەقتر دەکاتەوە.

فاکتەری زمان، میللەت بوونی خەڵکی وڵاتە "پایەدارو لەمێژوودا شکڵ گرتوو"ە چەند زمانییەکانی وەك سویسرا، بەلجیکا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای ئەمڕۆ، کەنەدا، فەرەنسا، ئسپانیا، بریتانیاو، بەشی زۆری وڵاتانی قاڕەی ئەفریقیاو ئاسیا دەباتە ژێر پرسیارەوە. جێگای سەرنجە کە بۆ نموونە لەسەردەمی یەکێتیی ئیتالیاو دروست بوونی میللەتی یەکپارچەی ئیتالیادا، تەنها دوو و نیو لەسەدی خەڵکیی بەم زمانە قسەیان دەکرد کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن ئیتالی. لەلایەکی ترەوە نەتەنها میللەتی چەند زمانیی، بەڵکو زمانی چەند میللەتییش لەدنیادا زۆرە. چاوگێڕانێکی خێرا بەسەر نەخشەی جیهاندا نیشانی دەدات کە مەودای بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزیو فەرەنسیو ئسپانی وەکو زمانی یەکەمو "زمانی ماڵەوە"ی خەڵکی، چەندە فراوانو جیهانییە.

ئەم تێبینییانە تازە دوای ئەو گریمانەیە کە خودی مەقولەی زمان بکرێ بەدیقەتێکی زۆرەوە پێناسە بکرێت، کە لەئەمری واقدا وانییە. بۆ نموونە دەکرێ بپرسین ئایا صربەکانو کرواتەکان بەدوو زمانی جیا قسە دەکەن؟ هەروەها، یەکێك لەو شتانەی کە لایەنگرانی پێکهێنانی کوردستانی یەکپارچە بۆ سەلماندنی میللەت بوونی کوردەکان پشتی پێ دەبەستن بوونی زمانی هاوبەشە، لەکاتێکدا هەندێك لە توێژەرەوە ڕۆژئاواییەکان بەپێچەوانەوە، پێکنەهاتنی تائێستای دەوڵەتی کوردستان دەگەڕێننەوە بۆ نەبوونی زمانێکی کوردیی هاوبەش. ناسیۆنالیستێکی ئەڵمانیی توندڕەو کە ئینتمای قەومیو هاوبەشیی لەزماندا دەکاتە معیاری ناسنامەی میللی خۆی، دەبێ حەوسەڵەی ئەوەی هەبێت کە یەهودییە ئەشکەنازییەکان

که بەزمانی یەدیش قسەدەکەن (کە لقێکە لە ئەڵمانی‌ی کۆن) وەکو ئەڵمانی‌ی ڕەسەن بەرەسمی بناسێت.

فاکتەری زمان نە کۆمەکێکی ئەوتۆ بە لێکدانەوەکەی ستالین دەکاتو نە بەدەرک کردنی مەسەلەی میللەت.

مەقولەی نیشتمانیش، بەهەمان ڕادە ئاڵۆزە. نەتەنها قەومو میللەتە جیاجیاکان لەسەر نیشتمانی هاوبەش ژیاونو بەنۆرە فەرمانڕەوایی‌یان کردووەو یەکتری‌یان بەملاو بەولادا کۆچ پێکردووە، بەڵکو بەزیاد بوونی ژمارەی دانیشتووانی دنیاو پەرەسەندنی جموجۆڵو هاتوچۆو کۆچی ئینسانەکان لە پانتایی جیهاندا، هەر پێناسەیەکی میللی کەلەسەر بناغەی هاوبەشی‌ی لەنیشتماندا بنیات نرابێ دەبێ هەموو ساڵێك ئیعادە نەزەری تیا بکرێتەوە. درێژی‌و پانی‌ی گۆی زەوی نەگۆڕە. بەڵام ئینسانەکان، ئەویش بە خێرایی جیاجیا لەنێو قەومو دینە جیاجیاکاندا، هەمیشە ژمارەیان زیادی کردووەو زیاد دەکات. لە زۆربەی کێشمەکێشە میللی‌یەکانی ئەمڕۆدا، مشتومڕ لەسەر نیشتمانو دەعوای ئەرزی، مەوزوعێکی سەرەکی‌یە کە بێنەوبردەی لەسەرە. فەلەستین نموونەیەکی بەرجەستەیە، بەڵام هەرگیز تەنها نموونە نی‌یە. ئەو نیشتمانەی کە ناسیۆنالیزمی کورد چاوی لی‌یەتی، هەندێکی هەمان پلانی جێمەبەستی ناسیۆنالیزمی ئەرمەنی‌یە. لەبەریەك هەڵوەشانەوەی یوگوسلافیاو ئەو کێشمەکێشەی کەلەسەر میللی کردنی هەر مەترێکی چوارگۆشە لە بۆسنی هێزەگۆڤین لەئارادایە، چەند نموونەیەکی زیندوو و حەی‌وحازری تری بەدەستەوە داوە. معیاری نیشتمان بەتایبەت لەپەیوەست بە نموونەی یەهودی‌یەکانەوە لەسەردەمی ستالیندا، کە نیشتمانێکی هاوبەشیان بەناوی خۆیانەوە نەبوو، ناکۆك دێتەوە. بە معیاری ستالین یەهودی‌یەکان لەبەرئەوەی نیشتمانێکی هاوبەشیان نی‌یە، میللەت نەبوون. بۆ هەندێکی تر لە تیئۆریسیۆنەکان نموونەی "میللەتی یەهود" بەڵگەیەکە بۆ ڕەتکردنەوەی معیاری نیشتمان (وە هەڵبەتە زمانیش) لە پێناسەکردنی میللەتدا.

لێکدانەوەی ستالین بۆ پێوەندگی ژیانی ئابووری هاوبەشو پەیوەندی‌ی ئابووری‌ی نێوخۆیی، زۆر ناڕۆشنو بەتایبەت زۆر نامارکسیستی‌یە. لەلایەکەوە لە باسی بزووتنەوە میللی‌یەکاندا، سەرهەڵدانی میللەت بە بەرئەنجامێکی سەردەمی سەرمایەداری ناودەباتو لەلایەکی ترەوە پێوەندگی پەیوەندی‌ی ئابووری دەگێڕێتەوە بۆ دەورانی پێش سەرهەڵدانی سەرمایەداری‌و بەم پێودانگانانەوە لەدنیای پێش سەرمایەداریشدا دەکەوێتە ڕەتکردنەوەو قبووڵ کردنی بڕوانامەی میللی گەلە جیاجیاکان. بۆ نموونە بۆ ڕەتکردنەوەی میللەت بوونی گورجی‌یەکان (سەرباری ئەوەی کەزمانو نیشتمانی هاوبەشیان هەیە) بەڵگەی ئەوە دێنێتەوە کە لەسەردەمی دەرەبەگایەتیدا هاوپشتی‌و پەیوەندی‌یەکی ئابووری لەنێو خەڵکی گورجستاندا نەبووە. ئەگەر بکرێت مەقولەی بازاڕی ناوخۆ لەسەردەمی سەرمایەداریدا وەکو بنچینەیەك بۆ ژیانی ئابووری هاوبەش‌و دابڕاو لە میللەتانی تر پێناسە بکرێت (کەخۆی جێگای باسە) "ژیانی ئابووری هاوبەش"و "پەیوەندی‌ی ئابووری ناوخۆیی" لە سەردەمی دەرەبەگایەتی یان

لەنیزامێكدا كە بازنەیەكی ئاڵوگۆڕی كالایی پەرەسەندوی تێدا نەبێ، ئیتر هەرگیز قابیلی دەرك كردن نییە.

تا ئەو جێگایەی كە بۆ سەرمایەداری دەگەڕێتەوە، ئابووری هاوبەش‌و، بازاڕی ناوخۆ، بەدابڕاوی لە مەقولەی دەوڵەتێكی یەكپارچە ناكرێ باسیان لێ بكرێت. ئەگەر دەوڵەتێكی بەم جۆرە وجودی هەبێت، ئەگەر خەڵكانێك بەواقعی پێكهێنانی دەوڵەتی "خۆیان" لە پەیوەندی‌یەكی ئابووری كاپیتالیستی‌دا بەدەست هێنابێ، ئەوكاتەو هەر بەم ئیعتبارە، میللەت بوونی خۆیان یەكسەر سەلماندووەو ئیتر گەڕانەوە بۆ هەر پێودانگێكی تر لەرووی مەبدەئی‌یەوە زەرورەتێكی نامێنێ. بەم جۆرە پێودانگی ئابووری هاوبەش پێودانگێكی زیادەو لەڕووی تیۆری‌یەوە ڕێ‌لێ‌ونكەرە كە بەكردەوە سەرتاپای مەسەلەی پێناسەكردنی میللەت تێك هەڵئەدات.

وەسەرەنجام دوا فاكتەری ستالین، مەقولەی كاراكتەرو تایبەتمەندی‌ی دەروونی‌ی هاوبەش (فەرهەنگی هاوبەش)ە. ڕەنگە ئەمە ئارەزوومەندانەترین‌و نازانستی‌ترین بەشی پێناسەكە بێت كە هەرلە بنەڕەتەوە تێكڕای مەسەلەی پێناسەكردنی بابەتی‌یانەی میللەت لەكەدار دەكات. ستالین دەڵێ:

*"هەڵبەتە تایبەتمەندی دەروونی یان بە دەربڕینێكی تر "كاراكتەری میللی" بۆ چاودێری خارجی‌ی ناكرێ پێناسە بكرێت. بەڵام تائەو جێگایەی كە خۆی لە فەرهەنگێكی هاوبەش‌و تایبەتی ئەو میللەتەدا دەنوێنێ، مەقولەیەكە كە دەكرێ پێناسە بكرێت‌و حاشاهەڵنەگرە".*

ئەم مەقولەیە دەروازەیەكە بۆ هاتنە ناوەوەی هەڕەمەكی ترین دەستەبەندی‌یەكان. نەژاد، قەوم، دین، سەرلەنوێ لەم دەروازەیەوە دێنە ناو باسەكەوە، چونكە هەریەكەیان بەئاشكرا فاكتەرێكی لەقاڵبدانی زەین‌و دەروونناسی‌ی ئەفرادەكانە. ڕازی بوون بە وجودی "فەرهەنگێكی میللی" سەروو چینایەتی كە زەین‌و مەوقعییەتی دەروونی‌ی ئینسانەكانی سەربە میللەتێك بەتەواوی لەوانی تر جیا دەكاتەوە، زۆر نا ماركسیستی‌و، ناواقعی‌و خەیاڵی‌یە. ستالین بەدیاریكراوی باس لە جیاوازی‌ی كاراكتەری میللی ئەمركایی‌یەكان لەگەڵ ئینگلیزەكان دەكات، سەرباری زمانی هاوبەشیان. بەقسەی ستالین، دنیای زەینی‌ی كرێكاری ئەمریكی لە دنیای زەینی‌ی خاوەن كارەكانی ئەم وڵاتەوە نزیكترە وەك لە كرێكارانی ئیرلەندی‌و ئینگلیزی.

دان نان بەجۆرێك لە معنویاتی هاوبەش لەنێو تاكەكانی یەك میللەتدا، هەندێ فۆرمۆڵەی تریشی هەبووە. "مێژووی هاوبەش"، "هۆشیاری‌ی میللی"، "ناسنامەی میللی"، كۆمەڵە مەقولاتێكن كە كەم تازۆر ئاماژە بۆ هەمان دەروونناسی هاوبەشی ستالین دەكەن. ئەوەی لە هەموو ئەم فۆرمۆلانەدا ڕوون‌و ئاشكرایە، خەسڵەتی لەڕادەبەدەر پرۆبلماتیكی‌ی خودی ئەم مەقولانەو پێكنەرەكانیانە. هەروەك ئەرنست ڕەنان دەڵێ شێواندنی مێژووی خۆ (وەیان دەبێ بووترێ مێژوو دروستكردن بۆ خۆ) خۆی بەشێكە لە تایبەتمەندی‌یەكانی میللەت بوون.

ڕوونکردنــەوەی میللــەت لەســەر بناغــەی معنویــاتی هاوبــەش، مێــژووی هاوبــەش، یــادەوەری مێــژوویی‌و کاراکتــەری میللــی هاوبــەش، لێکدانــەوەی ئەفسانەیە بــە ئەفسانە. مــەفاهیمی وەك مێژوو، فەرهەنگ، دەروونناسی‌و شتی لەم بابەتە خۆیان پێویستیان بەوەیە کە لەپێشدا ماددیەت‌و ڕاست‌و دروستی‌یان بسەلمێنرێ.

## میللەت‌و مێژوو

گرفتی سەرەکی‌تری لێکدانەوەکەی ستالین‌و لێکدانەوەکانی تری لەبابەتی ئەوەی ستالین بۆ مەقولــەی میللــەت، خەســڵەتە غــەیرە مێــژوویی‌و جامدەکەیانــە. هەڵبەتــە ســتالین میللــەت بــە مەقولەیەك دادەنێ کە "لەمێژوودا پێکهاتووە". جامدی‌ی ئــەم فۆرمۆڵــە، ســەرباری ئاماژەکردن بــۆ ڕۆڵــی مێــژوو لــە بنیاتنــانی مەقولــەی میللەتــدا، لــەو لێکدانــەوە "تــەکامولی"و نیمــچە بایۆلۆژی‌کی‌یەدایــە کــە لــە میللــەت‌و شــێوەی ســەرهەڵدانی مێــژوویی ئــەو بەدەســتەوە دەدرێ. میللــەت وەکــو بوونــەوەرێکی ئاوێتــە ســەیر دەکرێــت (کــە خــاوەنی زمــانی هاوبــەش، نیــشتمانی هاوبــەش‌و ...) کــە مێــژوو هــەنگاو بەهــەنگاو بەشــەکانی بەدەســتەوە دەدات‌و کەرەســتەکانی دروستکردنی فەراهەم دەکات. کاتێك ئەم خوڵقاندنە ڕوو دەدات، کاتێك مێــژوو بەرهــەمی نیهائی خــۆی لەشــێوەی میللــەتێك حــازرو ئامــادە دەکــات، ئــیتر میللــەت لــەدەرەوەی مێــژوو، وەکــو ئاپارتمانێك، یان جانەوەرێك کە لەمێژوودا پێك هاتووە، ژیان‌و بوونی سەربەخۆو تایبەت بەخۆی پەیدا دەکات. میللەتەکان لەمێژوودا دەخوڵقێن‌و هــەروا بــە "خوڵقاوی" دەمێننــەوە. بــەجۆرێك کە چاودێری خــارجی‌ی دەتوانــێ هــەڵیان ســەنگێنێ‌و تایبەتمەندی‌یــەکانیان بــژمێرێ. هــەروەك چــۆن دەکرێ مراوی‌یــەك، وەکــو بەرهــەمێکی مێــژووی سروشــتی، بــەپێ‌ی تایبەتمەندی‌یــەکانی وەســف بکرێت.

میللەتێك کە بەم شێوەیە دەخوڵقێ‌و تایبەتمەندی‌یەکانی لەمێژووەوە وەردەگرێ، ئیتر وەك بلــێ‌ی پێویــستی‌بە پرۆســەی مێــژوویی نامێنــێ‌و دەکەوێتــە دەرەوەی ســووڕی "گەشەســەندن". دەرکێکی لەم چەشنە بەتەواوی میکانیکی‌و بەتایبەت لەڕیشەوە نامارکسیستی‌یە. میللەت بەهــەر شــێوەیەك لەمێــژوودا پێکهاتبێــت، دەبــێ لــەژیانی هاوچــەرخی کۆمەڵگاکانــدا بەبــەردەوامی ســەرلەنوێ بەرهــەم بێتــەوە. دەبــێ بمێنێتــەوەو لــەنێو نەچێت. ئــەوە چ میکانیزمێکــە کــە هەستی میللی‌و تێگەیشتنی هاوبــەش لەمێژووی خــۆ، زمــانی هاوبــەش، نیــشتمانی هاوبــەش، ئــابووری هاوبــەش‌و معیارەکــانی تــری میللــەت بــوون دەپــارێزێ‌و دەمــەزەردیان دەکاتــەوە؟ لــە لێکدانــەوەی میکانیکی‌یانــەی میللەتــدا ئامــاژە بۆئــەم پرۆســەیە ناکرێــت، بــۆ مارکــسیزم، بــۆ نموونــە، چــین مەقولەیەکی بنەڕەتی‌یــە لــە لێکدانــەوەی کۆمــەڵگادا. هــەردوو چینی کرێکارو بۆرژواش بەرهــەمی مێژوون. بەڵام لە هیچ سەردەمێکدا کاری مێژوو لەگەڵ ئەوان کۆتایی پێ نایات. هەموو داستانی کۆمەڵگای سەرمایەداری داستانی بەهەرم هینانەوەو خوڵقاندنەوەی کرێکارو ســەرمایەدارە وەکــو

کرێکارو سەرمایەدار لەجەرگەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانو ڕەوتی ڕۆژانەی مێژوودا. میللەتیش هەر وایە. هەلومەرجی میللەت بوونو بەمیللەت ناوبردنی جەماوەری جیاجیای خەڵکیی هەموو ڕۆژێك لەجەرگەی مێژووی هاوچەرخ، نەك ڕابردوودا، بەرهەم دێتەوە. پرۆسەی "پێناسە کردنی میللەتێك" پرۆسەیەکی زانستیی نییە، ڕووداوێکی ماددییە کە لە قەڵەمڕەوی ئابووریو سیاسەتو ئایدۆلۆژیدا هەموو ڕۆژێك سەرلەنوێ ڕوودەداتەوە. ڕێك هەرلەبەر ئەمەشە کە میللەت سەرەتاو کۆتاییەکی هەیە.

لەهیچ شوێنێکی ئەم باسەدا ئێمە حاشامان لەم واقعییەتە نەکردووە کە خەڵکیی کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی نەژادیو زمانەوانیو قەومییان هەیە کەدەکرێ پێناسە بکرێن، لەنیشتمانی جیاجیادا دەژین، جموجۆڵی ئابووریو کۆمەڵایەتیو معنوی نێوان ئینسانەکان لەجیهاندا ئەوانی لەشێوەی ئەو کۆمەڵو چەق بەستنە محلیو ناوچەییانەدا لەدەوری یەکتر کۆکردۆتەوە، کە لەهەریەکەیاندا زمانو دابو نەریتێکی تایبەت ڕەواجی زیاتری هەیە. ئەوەی جێگای ڕەخنەیە مەقولەی میللەتە. ئەگەر لە ئێمە بپرسن ئایا هەر نەژادێك، یان هەر قەومێك یان قسەکەرانی زمانێکی تایبەت، یان دانیشتووانی هەر نیشتمانێکی دیاریکراو "ماف"یان هەیە دەوڵەتی خۆیان پێك بهێنن، بێشك وەڵامی ئێمە سلبییە. ئەم مەقولانە نابێتە بناغەو بیانوویەك بۆ پێناسەکردنی کۆمەڵو مەوجودییەتێکی جیاوازی ئینسانیی کە لە خەڵکانی تری جیا بکاتەوە. گرنگیی مەقولەی میللەت لەوەدایە کە ئەم دابڕانە دروست دەکات، بەڕەوای لەقەڵەم ئەداتو شرعییەتی پێئەدات. بەم پێیە ئینتمای میللی ناوێکی تری قەومو نەژادو زمانی هاوبەش نییە. ناونیشانێکی تر نییە بۆ لێك هەڵپێکانی هەموو ئەم تایبەتمەندییانە لە کۆمەڵێکی دیاریکراوی ئینسانیدا. بەڵکو چەمکێکی ناواقعیو ئیختیارییە، ئالایەکی سیاسییە بۆ بەکارهێنانی ئەم تایبەتمەندییانە، وە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا تەنها یەکێکیان، بۆ دروست کردنی قەوارەیەکی سیاسیی جیاوازو بەدەستهێنانی مافی سیاسیو وڵاتێتی جیاواز لەوانی تر.

نەتەنها میللەت، بەڵکو خشتە بەندییەکانی لەچەشنی پێناسەکانی ستالینیش بەهەرمی مێژوون. لە نووسینەکەی ستالیندا ئەو واقعییەتە بەتەوای فەرامۆش دەکرێت کە لیستەکەی ئەو لەواقدا کۆگایەکە لەو پێکنەرو تایبەتمەندییە میللییانەی کە لەبڕگە جیاجیاکانی مێژوودا، لەلایەن ڕەوتە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکانو لەزۆربەی حاڵەتەکاندا دژ بەیەکتریو لەبەرامبەرکێ لەگەڵ یەکتردا هێنراوەنەتە گۆڕ. ئەو ڕەوتە کۆمەڵایەتییانەی کە لەمێژوودا میللەتیان بە زمانی هاوبەش پێناسەکردووەو خوازیاری ئەوە بوون کە میللەتەکان لە خەڵکی هاوزمان پێك بێن، خۆیان لەبەرامبەر لایەنگرانی تیۆری میللەت لەسەربناغەی نیشتمان وەیان بەتایبەت میللەت وەکو پێکهاتەیەکی ئابووری، بینیووەتەوە. ئەمانە ئالای ناسیۆنالیزمە جیاجیاکانو بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکانن کە لەپرۆسەی مێژوویی واقعیدا بەپراتیکی خۆیان ئەو میللەتانە دروست دەکەن کەهەن وە پاسەوانییان لێئەکەن. ئەم پرۆسەیەو ئەم پراتیکە لە هیچ شوێنێك تەواو نەبووەو نابێت. ئەم پراتیکە هەمیشە درێژەی هەیە، میللەتە کۆنەکان سەرلەنوێ

بەرهەم دێنێتەوە، بۆ سەرهەڵدانی میللەتە تازەکان تێدەکۆشێ، لێکدانەوە جیاوازەکان بۆ پێودانگەکانی ڕەسەنایەتیو بەرتریو حقوقی میللی لەبەرامبەر یەکتر دادەنێو لەزەینی جەماوەردا دەیچێنێ.

معیارەکانی ستالین ئالای ناسیۆنالیزمە جیاجیاکانو کێشمەکێشە کۆمەڵایەتیو سیاسییە جۆراوجۆرەکان بووەو هەیە. بۆ نموونە شۆڕشی فەرەنسا، لە پێناسەکردنی ئینسانی فەرەنسیدا، "ئەندامی میللەتی فەرەنسا"، هەرگیز معیاری قەومییەتو کاراکتەری میلیو تەنانەت فەرەنسی بوونی زمانی نەکردە بناغە. قبووڵ کردنی ئەرکو مافەکانی هاوڵاتیی فەرەنسا، تەنها معیار بوو. قسەکردن بەزمانی فەرەنسی، واتە زمانی ڕەسمیی وڵات، یاسایەك بوو کە هەر فەرەنسییەكو هەر ئەندامێکی میللەتی فەرەنسا سەربەخۆ لەوەی کەزمانی دایکی چییە، دەبووایە دواتر ڕەچاوی بکردایە. بەستنەوەی ئینتمای میللی بە زمانو قەومییەتو دواتریش بنو بنەچەوە، دەکەوێتە ناکۆکییەوە لەگەڵ ئەو جۆرە میللەت سازییەی شۆڕشی فەرەنسادا. پێناسەکردنی میللەتی ئەڵمان لەسەر بناغەی نیشتمان، وەیان زمان، کۆمەڵێك لقی جیاجیا لە ناسیۆنالیزمی ئەڵمانیی پێناسە دەکاتو کۆمەڵی جیاجیا وەکو میللەتی ئەڵمان بەڕەسمی دەناسێ. هەروەها پێداگرتن لەسەر فاکتەری ئابووری لە پێناسەکردنی میللەتێکدا، لەبنەڕەتدا ئالای بزووتنەوەیەکی ناسیۆنال–لیبراڵی بووە کە بەکەمترین سەنجدان لە ئینتمای قەومیو زمانییو نەژادی، ئەو میللەتانەی بەڕەسمی ناسیووە کە توانای ئەوەیان هەبێت ببنە بنەمایەك بۆ ئابوورییەکی میللی بۆرژوایيو ئامڕازێك بۆ سەقامگیرکردنی دەوڵەتیکی تاقانەو گەشەی سەرمایەداری. لەم ڕێبازەدا کە لەنیوەی سەدەی 19ەوە تا نیوەی سەدەی بیستەم بەکردەوە بەنفوزترین ڕەوتی ناسیۆنالیستی بوو، هاوزمانیی، هاوبەشیی لە قەومییەتو مێژووو ناسنامەی میلیدا، ڕۆڵێکی ئەوتۆ ناگێڕێ. بەڵکو بەپێچەوانەوە، زۆر جار مەبەست ئەوە بووە کە خەڵکی قەومو نەژادو زمانە جیاجیاکان لە کۆمەڵی میلیو دەوڵەتیی بەئەندازەی کافی گەورەدا یەکبخەن کە بتوانێ ببێتە چوارچێوەیەکی سیاسیو ئیداری بۆ گەشەی سەرمایەدارییو کەڵەکەی سەرمایە. بەپێچەوانەی ناسیۆنالیزمی قەومییەوە، واتە ناسیۆنالیزمێك کە یەکێك لەوشتانەی پێی لەسەر دائەگرێ هاوبەشییە لەزماندا، ناسیۆنالیزمی لیبراڵی یەکخەرو ئاوێتەکەری قەومە جیاجیاکان بووە.

بەهەمان شێوە دەکرێت لە شیعارو کارکردەکانی لقەکانی تری ناسیۆنالیزم وورد ببینەوە. ناسیۆنالیزم لە ئەورووپای ڕۆژئاوا لەگەڵ ناسیۆنالیزم لە ئەورووپای جنوبیو ڕۆژهەڵاتدا گرێو گوڵو کارکردو ڕێچکەیەکی یەکسانیان نەبووە. ناسیۆنالیزمی دژی ئیستعمارییی وڵاتانی دواکەتووو موستەعمەرەکانی پێشوو کە لەنیوەی دووەمی ئەم سەدەیەدا بەمەبەستی ئاوەدان کردنەوەو مۆدێرنیزەکردنی وڵاتی خۆی هاتە مەیدان، وە ناسیۆنالیزمێکی ووردە بۆرژواییو دژی ئیمپریالیستیی کۆنەپەرستو تەقلیدیی کە بەتایبەتی لەم دوو دەیەی دواییدا لە هەندێك لەوڵاتانی گیرۆدە بەئیسلامدا سەری هەڵدا، هەریەکەیان بەشوێن ئامانجێکی تایبەتەوەن وە

معیارێکی تایبەتیان هەیە بۆ پێناسەکردنی ناسنامەی "میللەتی خۆیان". هەڵکەندنی ئەم معیارانە لە دڵی بزووتنەوەو جوڵانەوە مێژووییەکانی لایەنگریانو لیست کردنو لەوەش خراپتر کۆکردنەوەو لێکدانیان وەکو کۆمەڵێك تایبەتمەندیی میللەتان کەلەمێژوودا گەشەیان سەندووەو جێگیر بوون، پشت کردنە لە هەموو مفهومێکی جدی لە مێژووو شیکردنەوەی مێژوویی کۆمەڵگا.

## میللەتو پراتیکی کۆمۆنیستی

ئەگەر ئەوەمان قبووڵ بێت کە میللەت بەرهەمی پرۆسەی مێژوویی "میللەت سازی"یە، کە ئەم پرۆسە مێژوویییە رەوتێکی پراتیکییە کە تیایدا چینەکانو هێزە سیاسییەکانی چینەکان بەپێی ئاواتو سیاسەتو ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانیان بەشداری دەکەن، کە میللەتو تایبەتمەندییە بەرواڵەت ئەبجەکتیڤەکانی لەواقعدا ماددیەت بوونەوەی شیعارو شەکاندنەوەی ئالای بزووتنەوە میللییە جۆراوجۆرەکانە لە مێژووی دوو سەد ساڵی ئەخیردا، ئەوکاتە دەرك کردنی ئەم مەسەلەیە دژوار نابێت کە لەمێژووی سەرهەڵدانو رەوتی پێکهاتنی میللەتاندا، کرێکارو کۆمۆنیزم چاودێرێکی خارجیی نین. داوەرانێك نین کە ئەرکی گێرانەوەی مافی میللەتان لەئەستۆی خۆیان ببینن. میللەتو میللەتسازییو پاراستنو هێشتنەوەی ناسنامە میللییەکان لە جیهاندا، پرۆسەیەکە کە ئێمەش دەگرێتەوەو لەپراتیکی ئێمەش کاریگەری وەردەگرێ. مێژووی سەرهەڵدانی میللەتان تەنها مێژووی ناسیۆنالیزمو ناسیۆنالیستەکان نییە، مێژووی ئەنتەرناسیۆنالیزمیشە. مێژووی خەباتی چینایەتییە لە لایەنە جیاجیاکانیدا.

قبووڵ کردنی ئەم حوکمە، باسی هەڵوێستی کۆمۆنیستی لەبەرامبەر میللەتانو خەباتی میللیدا لەبناغەوە دەگوێزێتەوە بۆ لاپەرەیەکی جیاواز. ئەگەر پراتیکی کۆمۆنیستیو کرێکاریی ئێمە لەپرۆسەی پێکهاتنی میللەتاندا کاریگەریی خۆی هەیە، ئەوکاتە بەرامبەرکێی کۆمۆنیزمو ناسیۆنالیزم دەتوانێ شێوەی بەرامبەرکێی کۆمۆنیزم لەگەڵ خودی پێکهاتن وەیان بەهێزکردنی ناسنامەیەکی میللی تایبەت بگرێتە خۆی. کۆمۆنیستەکان حەقیانەو بگرە لەسەریانە کە ئیدعای میللەت کردنەکانو حەق داواکردنە میللییەکان یەکسەر بخەنە ژێر ووردبینەوەو بیدەنە بەر رەخنە. مەبدەئی پووچەڵ کردنەوەی نفوزی ناسیۆنالیزم بەسەر میللەتاندا، دەگۆڕێ بۆ مەبدەئێکی ئەنتەرناسیۆنالیستیی فراوانتر کە لەسەر بناغەی هەوڵدان بۆ لەنێو بردنی سنوورە میللییەکان لەنێوان خەڵکی، سست کردنی ناسنامە میللییەکان، وە پێش گرتن بە دروست بوونی سنوورو جیاوازییە میللییە تازەکان بنیات نراوە. خەباتی دیفاعیی لەدژی ناسیۆنالیزم جێگای خۆی دەدات بە بزووتەوەیەکی هێرش بەرانەو رەخنەگرانە لەپێناوی ئەنتەرناسیۆنالیزمدا. کۆمۆنیستەکان دەبێ ئەوە رۆشن بکەنەوە کە لەکوێو لە کام چوارچێوەی مێژوویییو لەسایەی چ هەلومەرجێکی دیاریکراودا مەشروعییەتی ناسنامەیەکی میللیو مەبدەئی

مافی دیاری کردنی چارەنووس بۆ میللەتان بەڕەسمی دەناسن. فۆرمۆلێکی گشتیی وجودی نابێت کە هەموو داواکەرانی حقوقی میللی دەکاتە مووەکیلی ئۆتۆماتیکی کۆمۆنیستەکان.

کلیلێکی سەرەکیی لەباسی کۆمۆنیستیی لەبارەی مەسەلەی میللییەوە، ستەمی میللییە. وەستانەوە بەڕووی ناسیۆنالیزمی میللەتی ستەمگەر، وەیان ستەمێکی چینایەتی کە بەناوی میللەتو میللەت چێتییەوە مەشروعییەت دەداتە خۆی، شتێکی بەڵگەنەویستی هەمیشەیی بزووتنەوەی ناوبراو بە کۆمۆنیزم بووە. بەڵام دەرکی ڕەخنەگرانەو مێژوویی لە مەقولەی میللەت، دەرکی ئەرکە پراتیکییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری نەتەنها لەبەرامبەر ناسیۆنالیزمدا، بەڵکو لەبەرامبەر ناسنامەو خۆناسینی میللی بەشێوەیەکی گشتی، دەروازەی تازە بەڕووی کۆمۆنیزمی کرێکاری دەکاتەوە لە خەبات لەدژی نفوزی ناسیۆنالیزم لەنێو هەردوو خەڵکی میللەتانی باڵادەستو ژێر دەستدا. مادام ناسنامەی میللی وەکو خەسڵەتێکی ئۆبجەکتیڤی گروپەکانی خەڵکی چاو لێ بکرێ، مادام کرێکارانو کۆمۆنیستەکان ڕەخنەی خۆیان لە ناسیۆنالیزم تێنەپەڕاندبێ بۆ ڕەخنە لە ناسنامەی میللی بەشێوەیەکی گشتیی، پراتیکی ڕۆژانەی ناسیۆنالیزمی باو بۆ سەرلەنوێ بەرهەم هێنانەوەو خوڵقاندنەوەی خەسڵەتە میللییەکانو هەربەم پێیەش دەمارگیریو ڕایەڵی میللی خەڵك ناکەوێتە بەر تیغی ڕەخنەی تیۆریو پراتیکیی کۆمۆنیزمی کرێکاری. ناسیۆنالیزم تەنها لە سیما سیاسیو حزبییەکەی دەبینرێ. لەکاتێکدا ئەم ڕووە تەنها گۆشەیەکی بچووکە لە وجودو کاری سیاسی ئەم ڕەوتە کۆمەڵایەتییە. ئەبعادی فەلسەفی، فەرهەنگی، هونەری، فێرکاری، ئیداری، وە تەنانەت "زانستی"ی بەهێزکردنو سەرلەنوێ بەرهەم هێنانەوەی میللەتانو ناسنامەی میللی لەلایەن ناسیۆنالیزم، وە هەروەها ئەو دامودەزگا جۆراوجۆرو ئاڵۆزانەی کە کاری ناسیۆنالیزم لە هەموو کۆمەڵگاکاندا ڕائەپەڕێنن، نابینرێو ناکەوێتە بەر پەلامار. ستەمی میللی درێژکراوەی چارەهەڵنەگری ناسنامەی میللییە، نەك تەنها شێوەیەکی تایبەتو موبالەغاوی لە ناسیۆنالیزمو شۆڤێنزم. وەستانەوە بەڕووی ستەمی میللی، بەناچاری، جیاواز نییە لە وەستانەوە بەڕووی ناسنامەی میللی لەهەردوو سەری ئەم پەیوەندییەدا.

لەبەشی داهاتوودا بەشێوەیەکی موشەخەس‌تر دەچمە سەر ئەو ئەنجامگیرییە سیاسییانەی لەم باسەوە سەرچاوە دەگرن. تا ئەو جێگایەی کە پەیوەندی بە تێڕوانینی بەرنامەیی حزبەوە هەیە بۆ مەسەلەی میللی، بەبڕوای من ئێمە پێویستمان بە تێڕوانینێك هەیە کە مەسەلەی "میللەتانو مافەکانیان" دەنێتە لاوەو لابردنی ستەمی میللیو پەلاماری ئەنتەرناسیۆنالیستیی بۆ سەر ناسیۆنالیزم، دەکاتە بناغە. تێڕوانینێك کە هەرئەو لایەنە تاکتیکیو مەرجدارە دەبەخشێتە پشتیوانیی کۆمۆنیستەکان لە "میللەتان"ی ژێردەستە کە خەسڵەتی ئەنتەرناسیۆنالیستیی بزووتنەوەکەی ئێمە دەیخوازێو لەجێگایدا دژایەتیی بنەڕەتیی کۆمۆنیزم لەگەڵ ناسیۆنالیزمو نەژادو ناسنامەی میللی دەباتەسەر بۆ ئاستی مەبدەئێك کە ناکرێ لێی لابدرێت.

## بەشی سێیەم:

## ئەنتەرناسیۆنالیزمو مەسەلەی میللی

لەبەشەکانی پێشوودا تەئکیدمان لەسەر ئەو خاڵە کردەوە کە ئەو مەقولاتو فۆرمۆڵبەندیيانەی کە بەشێوەیەکی باو لە بەرنامە کۆمۆنیستیيەکاندا لەبەرامبەر میللەتو مەسەلەی میلليدا بەکارهێنراون، نەتەنها وەڵامدەرەوەی مەسەلەکە نین بەڵکو بەشێوەیەکی جدی ڕێ لێونکەرو مایەی خۆشباوەڕین. "مافی میللەتان لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا" نەتەنها مەبدەئێکی قابیلی تەعمیمی کۆمۆنیستی نيیە، نەتەنها مەرج نيیە ئازادیخوازانە بێت، بەڵکو بەمانای پڕاوپڕی ووشەکە خورافيو نامەفهومە. مەقولەی تەوەرەیی لەم فۆرمۆڵەیەدا، واتە مەقولەی میللەت، لەبنەڕەتەوە دڵخوازانەیە، ئایدۆلۆژیيانەو ئەفسانەيیيە. مەرجی ڕۆشن بوونەوەی هەڵوێستی کۆمۆنیستی لەبەرامبەر میللەتانو مەسەلەی میلليدا، لەپلەی یەکەمدا ئەوەیە کە خۆمان لەم فۆرمۆڵەیە ڕزگار بکەین.

لەئاستی تیۆريدا گرفتی سەرەکی ئەم فۆرمۆڵە ئەمەیە کە یەکەم، میللەت وەکو مەقولەیەکی موعتەبەرو بابەتيو دراو وەردەگرێ، ناسنامەی میللی وەکو تایبەتمەندیيەکی ئۆبجەکتیڤی خەڵك بەفەرز وەردەگرێ. دووەم، مەسەلەکە وەکو زەرورەتی بەڕەسمییەت ناسین یان گێڕانەوەی مافە بەڕواڵەت سروشتيو زاتيیەکانی ئەم بوونەوەرە (میللەت) نیشان دەدات. "مافی میللەتان لەدیاریکردنی چارەنووسدا" بەم جۆرە بەهەڵە بەرز ئەبێتەوە بۆ ئاستی پرەنسیپێکی ئینسانيو ئازادیخوازانەی حاشا هەڵنەگرو جیهانگیر. تێگەیشتنی سەرەتایی هەر کۆمۆنیستێك کە بەم فۆرمۆڵەیە بارهاتبی ئەوەیە کە مافی میللەتان لەدیاریکردنی چارەنووسدا، واتە پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ لەلایەن "میللەتان"ی جیاجیاوە، مەبدەئێکی موعتەبەرە هەروەکو یەکسانی ژنو پیاو، ئازادی بەیانو ڕێکخراوبوونو مانگرتن یان مافی تەڵاق. ئەمە بەدحاڵيبوونێکی بنەڕەتيیە کە بەڵگەی پێشڕەويیەکی عەقیدەیی گرنگە بۆ ناسیۆنالیزم. لەئاستی عمليدا، عەیبی ئەم فۆرمۆڵە لەوەدایە کە یەکەم، سەرەڕای هەموو هەوڵو تەقەلاکانی تائێستا پێناسەیەکی کارساز لە میللەت بەدەستەوە نەدراوە تا بکرێ بەپشت بەستن پێی خاوەنانی ئەم "مافە" لە دەورانە جیاجیاکانی کۆمەڵگای هاوچەرخدا بناسرێت، وە دووەم، هیچ یەکێك لە ڕەوتو مەکتەبەکانی لایەنگری ئەم فۆرمۆڵەیە، چی سۆسیالیستو چی ناسیۆنالیست، تاکو ئێستا ئامادە نەبووە ئەم باسە تا ئەنجامە عمليیە مەنتقيیەکەی درێژ بکاتەوەو بەرگری لە دەوڵەتدار بوونی هەموو میللەتان بکات، بەپێی هەر ئەو پێناسەیەی کە خۆی بۆ میللەتی بەدەستەوە

دەدات. ئـەدەبیاتی لایـەنگرانی فۆرمۆڵـەی مـافی میللـەتان لـەدیاری کردنـی چارەنووسـدا پـڕە لەوتەبسەرەو تێبینیەیانەی کە بە بەهانـەی جۆراوجۆر "میللـەتان"ی جیاجیا دەکەنـە دەرەوەی بازنەی شمولی ئەم "ماف"ەوە.

بەرنامـەی کۆمۆنیـستی لەبەرامبـەر مەسـەلەی میلیـدا دەبـێ لەئەسـارەتی ئـەم تێڕوانینـە ناسیۆنالیستیەیە ڕزگار ببێتو ڕاستەوخۆو بێپێچوپەناو تەمومژ بچێ بەشوێن گرفتەکەدا، بەو شـێوەیەی کـە لەواقعـدا هەیـە. بەرنامـەی کۆمۆنیـستی بەرلـە هەرشـتێك دەبـێ ڕووی مەسـەلەکە بەدروستی تەرح بکات. دەبێ ئەوە ڕۆشن بێت کە بۆچی دەچێتە سەر مەقولـەی میللـەتو میللـەت گـەراییو مەسـەلەی میلیـو دەیـەوێ وەڵامـی چ شـتێك بداتـەوە. بەرنامـە دەبـێ لـە لێکدانـەوەی خۆیدا پشت بە مـەقولاتو مـەفاهیمێك ببەسـتێ کـە واقعیـو قـابیلی پێناسـەکردن بن، هاوتایـەکی قـابیلی تەشخیـصیان لـەجیهانی ماددیـدا هـەبێت. بەرنامـە دەبـێ ئـەوە ڕۆشـن بکاتـەوە کـە ئیستنتاجەکانی لەبارەی مەسەلەیەکەوە کە باسی لەسـەرە، تـا چ ڕادەیـەك مەبدەئیو جیهـانگیرەو تا چ ڕادەیەك سیاسیو پەیوەستە بەو کاتو شوێنو هەلومەرجە دیاریکراوەوە.

### سەرەتاکانو ستراتیج

بەشی هەرەزۆری باسی میللەتو مەسەلەی میللی لە ئەدەبیاتی کۆمۆنیستیدا تێکەڵەیـەکی جـۆش خـواردووە لـە مەبادئـە عەقیدەتییـەکان لەلایـەكو تێبینییـە تـاکتیکیو سـتراتیجییەکان لەلایـەکی ترەوە. ئەمانـە لـە نووسـراوە جیاجیاکانـدا هەمیـشە بـەووردی لـێکتر جیانەکراونـەتەوە. بەڵام ئەم جیاکردنەوەیە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە. دەبێ ئەوە ڕۆشـن بکرێتـەوە کـە لـەنێو حوکمـە مارکسیـــستییەکانی پەیوەســـت بـــە میللـــەتو ناســـیۆنالیزمو مەســـەلەی میلیـــو مـــافی جیابوونەوەو...تاد، ئەحکامێك کە جاروبـار بەڕوشـنی دەکەونـە ناکۆکییـەکی شـکڵییەوە لەگـەڵ یەکتریـدا، کامـەیان نیـشانەدەری مەبادئـە لەشـکان نـەهاتووە کۆمونیـستیو پرۆلیتێرییەکانـەو کامـەیان ڕەنگدانـەوەی بەرژەوەندییـە تاکتیکییـەکانو بەرژەوەندییـە مەرحەلییـەکانی خـەباتی بزووتنەوەکەیە؟

بۆ مارکسیزمو کۆمۆنیزمی کرێکاری لە مامەڵـەکردن لەگـەڵ تێکـڕای پرۆبلیمـاتیکی میللـەتو مەسـەلەی میلیـدا، چـەند مەبـدەئێکی عەقیـدەیی بنـەڕەتی هەیـە کـە جیهـانگیرنو نـاکرێ لـێی لابدرێتو هیچ پەیوەندییان بە کـاتو شـوێنو سـەردەمی مێـژووییو قۆنـاغی گەشـەی کۆمـەڵگاو بزووتنەوەی چینایەتییەوە نییە. کە بریتین لەمانە:

1. کرێکـاران نیـشتمانیان نییـە. ناسـیۆنالیزمو ئەنتەرناسـیۆنالیزمی کرێکـاری ناکۆکییـەکی ئاشکراو موتڵەقیان لەگەڵ یەکتریدا هەیە، ناکرێ تێهەڵکێش بکرێن یان پێکەوە سازش بکـەن. ناســیۆنالیزم ئایدۆلۆژییــەکی بۆرژواییــە کــە ڕێگــرە لەبــەردەم خۆوشــیاری چــینایەتیو ئەنتەرناسیۆنالیستی چینی کرێکاردا.

2. کۆمـۆنیزم بـۆ لـەناوبردنو سـڕینەوەی سـنووره میللیيـەکانو هەڵوەشـاندنەوەی ناسـنامە میللیيـەکان تێدەکۆشـێ. کۆمـەڵگای کۆمۆنیـستی کۆمەڵگایەکـە کـە تیایـدا دابـەش کردنـی ئینسانەکان بەسەر میللەتو وڵاتاندا وجودی نییە.

3. ستەمی میللی، واتە هەڵاواردن لەسەر بناغەی ئینتمای ئینسانەکان بۆ میللەتە جیاجیاکان، یەکێکە لە سیماو شێوە گرنگەکانی نایەکسانیی ئینسانەکان لەکۆمەڵگای چینایەتیداو دەبێ ڕابماڵرێـت. لـەنێوبردنی سـتەمی میللیـو زەمانـەت کردنـی یەکـسانیی هـەموو ئینـسانەکان سـەربەخۆ لـە ئینتمـای میللییـان ئامـانجێکی ڕاسـتەوخۆی بزووتنـەوەی کۆمۆنیستیی چینی کرێکارە.

ئەوە بەڵگە نەویستە کە دەبێ بەتەئکیدییی هەموو ئەم مەبادئانە لەبەرنامەی کۆمۆنیستیدا بنووسرێن. ئەمانـە بنـچینەی هەڵوێستی کۆمۆنیزم لەبەرامبـەر میللـەتو میللـەت چێتیو ستەمی میللی پێکدەهێنن.

هەر لەسەرنجدانی یەکەمەوە ئەوە ڕۆشـن دەبێتـەوە کـە حوکمی مـافی جیابوونـەوە، یـان وەك پـێی دەڵـێن مـافی میللـەتان لـەدیاریکردنی چارەنووسـدا، بـۆ کۆمـۆنیزم لـەڕیزی ئـەم ئەحکامـە بنچینەییيانەدا نییە. نەتەنها ئەمە، بەڵکو لەگەڵ ئەم مەبادئانەدا ناکۆکیشە. لێرەدا قسە لەسـەر پێکهێنانی سنووربەندییەکی میللیو جیابوونـەوەو پێکهێنـانی وڵاتێکـی تازەیـە، سنووربەندیو جیاکردنەوەیـەك کـە کۆمـۆنیزمو ئەنتەرناسـیۆنالیزمی کرێکـاری وەکـو مەبـدەئێکی بنـەڕەتی خوازیـاری هەڵوەشـاندنەوەی هەمەلایەنەیـەتی. گـەر وایـە ئـیتر بۆچـی کۆمۆنیـستەکان قـسە لـە بەڕەسمییەت ناسینی مافی جیابوونەوەو جاروبار تەنانەت زەرورەتە سیاسییەکەشی دەکەن لـەم یان لەو هەلومەرجی دیاریکراودا؟ ئەم هەڵوێستە چۆن ئەگونجێنرێ لەگەڵ ئەو مەبادئانەدا؟

وەڵام ئەوەیـە کـە مـافی جیابوونـەوە بـۆ کۆمۆنیـستەکان نـەك مەبـدەئێکی تیـۆری بـەڵکو وەسیلەیەکە لە قەڵەمڕەوی سیاسـەتدا. بەڕەسمییـەت ناسـینی مـافی جیابوونـەوەی میللـەتان، کـە هەلومـەرجو محدودیەتـەکانی لەدیـدگای مارکسیـستییەوە دواتـر بـاس ئەکـەم، لـە مەبادئەکانـەوە سەرچاوە ناگرێ، بەڵکو بەرەنجامی ناچارییەکانی قەڵەمڕەوی سیاسەتە، ئەمە یەکێکە لە ئامڕازە عەملییەکان بۆ بردنە پێشەوەی ستراتیجی شۆڕشی کرێکاری لە بارودۆخو هەلومەرجی تایبەتیی سەرمایەداریی هاوچەرخدا.

تەنانـەت لـە قەڵـەمڕەوی کـارو خـەباتی سیاسیشدا هێشتا یەکسەرو بێ پێشەکی ناگەینـە مەقولەی مافی دیاریکردنی چارەنووس. مەبدەئێکی عملیو تاکتیکیی مارکسیزم لەجیهانێکدا کە لەئێستادا دابەش بووە بۆ وڵاتانو میللەتان، بەباشتر دانانی چوارچێوە وڵاتییە گەورەترەکانە لە بچووکترەکانو دژایەتیکردنی وورد کردنو دابـەش کردنـی چوارچێـوە وڵاتییـە گەورەترەکانـە بۆ بەش بەشی بچووکتر، چ قەومی بێت یان غـەیرە قـەومی. بەواتایـەکی تـر ((مـافی جیابوونـەوە)) لــەخودی قەڵــەمڕەوی تاکتیــکیــشدا دەکەوێتــە ناکۆکییــەوە لەگــەڵ مــەبادئێکی گــشتیتر و

بنەڕەتی‌تردا. هەموو ئەمانە بەو مانایەیە کە مافی میللەتان لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا، یان بەمانایەکی دەقیق‌تر مافی جیابوونەوەی میللەتان‌و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ، نەك هەڵێنجاوی مەبادئە مارکسیستی‌یەکان‌و هەڵبەتە نەك بەشێك لەم مەبادئانە، بەڵکو لە ناوەڕۆکدا ئیستسنایەکە لەم مەبادئانە، بەرەنجامی ئەو هەلومەرجە تایبەتە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌یەیە کە کۆمۆنیستەکان ناچار بە پاشەکشێ دەکات لە مەبادئە تیۆری‌و پێوانە سیاسی‌یە گشتی‌یەکانی خۆیان. ڕەتکردنەوەی مەسەلەی مافی دیاریکردنی چارەنووس وەکو مەبدەئێکی کۆمۆنیستی لەلایەك‌و قبووڵ کردنی مەرجداری وەکو ناچاری‌یەکی تاکتیکی لە هەلومەرجی دیاریکراودا، ئەمە بەبڕوای من خاڵی دەست پێ‌کردنی هەڵوێستێکی مەبدەئی‌ی کۆمۆنیستی‌یە. باسی جێگاو شوێنی مافی دیاریکردنی چارەنووس لە تێڕوانین‌و بەرنامەی مارکسیستی‌دا بەم پێ‌یە، بەپێچەوانەی تێڕوانینی باوەوە کە ئەمە بە مەبدەئێکی ئیجابی‌ی مارکسیزم لەقەڵەم دەدات، دەبێ ڕێك لەسەر ئەم خاڵە چەق ببەستێ کە ئەو هەلومەرج‌و محدودیەت‌و مەوقعییەتە استثنائی‌یانە کامانەن کە دیفاع کردن لەم مافەو جاروبار تەنانەت پێشنیازکرنیشی دەخوازن.

جگە لەو ڕێبازانەی کە دواتر لە ئەنتەرناسیۆنالیزمی دووەم‌و بەتایبەتی لەبەرامبەر جەنگی یەکەمدا، ناسیۆنالیزمیان کردە ناو بنەماکانی سۆسیالیزمی خۆیانەوە، وە یان کۆمۆنیزمی ڕووسی‌ی پاش ستالین کە میللەتان‌و گەلانی لەپاڵ چینەکاندا بەرز کردەوە بۆ ئاستی شەخسییەتێکی موعتەبەرو ڕەهای ڕەوتی مێژوو، سەرتاپای تەقلیدی مارکسیستی‌ی لەبەرامبەر مەسەلەی میللی‌دا مەسەلەی بەڕەسمییەت ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووس وەکو شێوازێکی سیاسی لە ستراتیجی عملی‌ی بزووتنەوەی سۆسیالیستی سەیر دەکات، نەك وەکو مەبدەئێکی تیۆری. سەرباری هەموو ئەو ڕۆشنی‌و تەنانەت ناڕۆشنی‌و لێڵی‌یانەی کە دەکرێ لەشێوە هەڵوێستی خودی مارکس یان لینین بەدی بکرێت، ئەم مەسەلەیە لە مامەڵەی هیچ کامیاندا جێگای گومان نی‌یە کە دژایەتی لەئاشتی نەهاتووی ناسیۆنالیزم‌و ئەنتەرناسیۆنالیزم مەبدەئێکی عەقیدەیی‌یە، لەکاتێکدا کە بەڕەسمییەت ناسینی مافی میللەتان لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا خشتێکە لە ستراتیجی عملی‌ی بزووتنەوەکە.

فۆرمۆڵەکەی ئێمە لەڕووی میتۆدەوە بەتەواوی دەکەوێتە چوارچێوەی ئەم تەقلیدەوە، بەڵام بەکاربردنێکی عملی‌و مەودایەکی شمولی‌ی لەوە بەرتەسك تری هەیە کە چ مارکس‌و چ لینین لەسەردەمی خۆیاندا مەبەستیان بووە. لەبەرئەوەی کە یەکەم، ڕوخساری میللی‌ی جیهان‌و جێگاو شوێنی میللەت‌و میللەت سازی‌ی لە سەردەمی مارکسدا لەگەڵ سەردەمی لینین‌و هەردووکیشیان لەگەڵ سەردەمی ئێمەدا زۆر جیاوازن. دووەم، مەوقعیەتی ناسیۆنالیزم‌و جێگاو شوێنی لە پرۆسەی مێژووییدا لەهەریەکێك لەم سەردەمانەدا زۆر جیاوزە، سێ‌یەم، پەیوەندی هەریەك لە سۆسیالیزم‌و ناسیۆنالیزم لەگەڵ یەکتردا، هێز هاوسەنگی نێوانیان‌و شێوەی بەیەکدادانیان لە مەیدانی کۆمەڵایەتی ئەمڕۆدا زۆر جیاوازەو ئیلتزاماتی تاکتیکی‌ی ئەمڕۆی ئێمە جیاوازی‌یەکی زۆری لەگەڵ هەردوو سەردەمی پێشوودا هەیەو سەرەنجام چوارەم، بەبڕوای من بەلوتفی ئەوەی

کە ئێمە لەدوای ئەوان هاتووین، ئێمە ئەو ئیمکانەمان هەیە کە هەندێ مەقولاتو لێکدانەوە بخەینە سەر باسەکە کە دیقەتو زەرافەتێکی زیاتر دەبەخشێتە هەڵوێستی کۆمۆنیستیو ڕەنگە هەندێك لە ناڕۆشنییەکان بڕەوێنێتەوە. بەشێوەیەکی دیاریکراو شێوازێك کە ئێمە مەودای شمولی ئەم فۆرمۆڵەیەی پێ پێناسە ئەکەین جیاوازیی هەیە لەگەڵ هەردوو شێوازی مارکسو لینین.

## گۆشەنیگای مێژوویی

مارکس لەسەرەتای سەردەمی ناسیۆنالیزمدا دەژیا. بەڵام ئەم ناسیۆنالیزمە، ناسیۆنالیزمی ئەمڕۆ وەیان ناسیۆنالیزمی سەردەمی لینین نەبوو. شاڕێی سەرەکی ناسیۆنالیزم لەو سەردەمەدا نەتەنها قەومی نەبوو، بەڵکو ناوەڕۆکەکەی بریتی بوو لە ئاوێتەکردنی قەومە جیاجیاکان لە یەك چوارچێوەی میللی هاوبەشدا. ڕەوتی میللەت سازیو وڵات سازیی سەردەمی مارکس ڕەوتێك نەبوو بۆئەوەی هەموو قەومەکان ببنە خاوەنی وڵاتی خۆیان، بەڵکو پێکهاتنی ئابوورییە میللییە کاپیتالیستییە تەمەن درێژەکان بوو لە ئەوروپاو تێكو پێك دانی سیستەمی کۆن بوو. لێرەو لەوێ هەندێ بەڵگە نامە هەیە کە تیایاندا مارکسو ئەنگلس "مەبدەئی ئینتمای میللی" وەیان بەو عیبارەتەی کە دواتر ڕەواجی پەیدا کرد، "مافی دیاریکردنی چارەنووس"یان، بە مافی "هەموو میللەتان" زانیوە. بەڵام هەڵوێستی لەمە بەرجەستەترو مەلموستری مارکسو ئەنگلس جیاکردنەوەی "میللەت"ە لە "ئینتمای میللی"و میللەتانی ((مێژوویی))ە لە میللەتانی ((نامێژوویی)))، واتە ئەو میللەتانەی کە بەحوکمی هەلومەرجی بابەتیی لە پرۆسەی سەرهەڵدانی پەیتاپەیتای کۆمەڵگا پیشەسازییەکانی سەرمایەداریدا بەواقعی شانسی پێکهێنانی وڵاتی خۆیان هەیە. مەودای شمولیی هەڵوێستی مارکسو ئەنگلس لە واقعدا مەسەلەیەکی زۆر بەرتەسکترە لە "هەموو میللەتان". قسە لەسەر ڕەوتی بابەتیی پێکهاتنو خۆگرتنی تەرکیبەی میللی– وڵاتیی دەوام داری کاپیتالیستییە لە ئەوروپادا نەك مافی هەموو پێکهاتە میللیو قەومییەکانی جیهان بۆ پێکهێنانی وڵاتی خۆیان. مارکسو ئەنگلس پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ لەسەر بناغەی ئینتمای میللی– قەومی بەڕاشکاوی ڕەت دەکەنەوە. لەچەند حاڵەتێکی کەمدا کە مارکس بەدیاریکراوی هەستاوە بە بەرگری کردن لە سەربەرخۆیی میللەتانی بچووکترو لاوەکیترو ((غەیرە مێژوویی)) وەك ئیرلەنداو پۆڵەندا، خاسییەتی سیاسی ئەم هەڵوێستگیریانە بۆ بەرەوپێشەوە چوونی بزووتنەوەی سۆسیالیستیی چینی کرێکار زۆر ڕۆشن بووە. سەربەخۆیی پۆڵەندا گورز لە کۆنەپەرستیی تزاری دەوەشێنێو سەربەخۆیی ئیرلەنداش زەمینداریێتی گەورەی بریتانیا لە ئەلقە زەعیفەکەیدا دەکوتێو هەروەها عاملێکی مێژوویی نیفاق لەنێوان چینی کرێکار لە ئینگلستانو ئەمریکا لەنێو دەبات.

سەردەمی لینین سەردەمێکی ترە. کاتێك لینین قسە لە مافی جیابوونەوەی میللەتان دەکات، لەبنەڕەتدا میللەتانی ستەملێچوو لە ئیمپراتۆریەتی تزاریو موستەعمەرەکانو وڵاتانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپریالیزم دێنە بەرچاوی. لینین ڕۆڵی پۆزەتیڤی خەباتە دژی ئیستعماریەکانی میللەتانی بچووکی لەبەرچاوە لە گورز وەشاندن لە دەسەڵاتی بۆرژوازی جیهانی. لێرەشدا بەمانایەکی تر لەگەڵ ڕەوتێکی ئۆبژەکتیڤی میللەت سازیی لەجەرگەی نیزامێکی کۆنەو کۆنەپەرستانە بەرەو ڕووین، لەپێناوی گۆڕینی پەیوەندییە ئابووریەکانو گەشەی سەرمایەداری لەئاستی جیهانیدا. لەگەڵ جۆرێك لەناسیۆنالیزم بەرەوڕووین کە نەك تەنها لەبەرامبەر پرۆلیتاریاو بزووتنەوەی کرێکاری، بەڵکو لەهەمان کاتدا لەبەرامبەر ئیستعمار، کۆنەپەرستیی سیاسیو فیۆدالیزمدا مانا پەیدا دەکات. لینین سەیری توانای سیاسی ئەم ڕەوتەو جۆرو شێوەی بەیەکدادانو بەرامبەرکێکەی دەکات لەگەڵ بزووتنەوەی سۆسیالیستی چینی کرێکاردا. مەسەلەی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ لینین لەم چوارچێوە سیاسییەدا مانا پەیدا دەکات. لینینیش مەودای شمولی ئەم مافە بەرتەسك دەکاتەوە. فۆرمۆڵەی مافی دیاریکردنی چارەنووس لە لێکدانەوەی لینیندا لە فۆرمۆڵی مارکسو ئەنگلس عام ترە، بەڵام لەڕووی عملیەوە جیاوازییەك کە لەنێوان ((مافی جیابوونەوە))و ((ئیجابی بوونی جیابوونەوە))دا دای دەنێت، بەکردەوە پشتیوانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە جیابوونەوەی میللەتان بەرتەسك دەکاتەوە بۆ چەند حاڵەتێکی دیاریکراو. دەستنیشان کردنی زەرورەتی جیابوونەوە وەیان پێشنیازکردن یان نەکردنی جیابوونەوە لە فۆرمۆڵبەندییەکەی لینیندا بەتەواوی سپێردراوە بە شیکردنەوەی ئەو هەلومەرجە دیاریکراوە.

سەردەمی ئێمە سەردەمێکی تەواو جیاوازە. تا بەرلە داڕوخانی بلۆکی ڕۆژهەڵات هیچ ڕەوتێکی گشتگیر وەیان بەرچاوی میللەت سازیی لەئاستی جیهانی وەیان لەئاستی ناوچەییدا لەئارادا نەبوو. ئەو چەند حاڵەتە پەراکەندەیەی کە هەبوو، ئەوپەڕەکەی ئەیتوانی ئارایشتی میللیی جیهانی هاوچەرخ لە جزئییاتێکی کەم بایەخدا بگۆڕێت. لەمە گرنگتر، بزووتنەوە میللییەکان ناوەڕۆکێکی ئابووری تایبەتیان نەبوو. ئەو ئاڵوگۆڕانەی جێمەبەستی بزووتنەوە میللییەکان بوو لەبنەڕەتدا سیاسیو فەرهەنگی بوو. سەرچاوەی ئەم بزووتنەوانە بەپێچەوانەی سەردەمی مارکسو لینینەوە نەئەگەڕایەوە بۆ ئاڵوگۆڕەکانی ئابووری سیاسی جیهانی، بەڵکو لەبنەڕەتدا سەرچاوەکەیان ستەمی میللیو فەرهەنگی وەیان دوژمنایەتی ناسیۆنالیستی بووە لەسەر دەسەڵات. ئابووری سیاسی جیهانو جەمسەربەندییە ئابووریو سیاسییەکانی بچووکترین کاریگەری لەم کێشمەکێشانەوە وەرناگرێت. ئەوەی لەبنەڕەتدا لەم سەردەمەدا لە قەڵەمڕەوی باسی مافی دیاریکردنی چارەنووس لەئارادایە، چەند مەسەلەیەکی میللی چارەسەر نەکراوە، وەکو مەسەلەی فەلەستین، مەسەلەی کورد، مەسەلەی ئیرلەنداو ...تاد کە بەپلەی جیاجیا ڕێگرن لەبەردەم ڕەوتی ڕۆتینیی ئابووری کاپیتالیستی لەناوچەکەی خۆیاندا وەیان بوونەتە عاملی نائیستقراریو ئاڵۆزیی سیاسی لەئاستی ناوچەییو جیهانیدا. ئەم مەسەلانە

هەندێ جار ببوونە مەیدانی کێشمەکێشێکی فراوانتر لەنێوان ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتداو بەم پێیە ناوەڕۆکێکی لیلتریان لە حاڵتە ڕۆتینیەکانی کێشمەکێشی میللی پەیدا کردووە.

هەرەس هێنانی بلۆکی ڕۆژهەڵات بەمانەیەکی تازە بووە مایەی دەست پێکردنی ڕەوتێکی میللەت سازیی، کە تەنانەت لەڕووی ئابووریشەوە ناوەڕۆکێکی چارەنووس سازی هەیە. سەرمایەداری بازاڕ لەبەشێکی گەورە لەجیهانی پیشەسازیو نیوە پیشەسازیدا، لەجەرگەی لەبەریەك هەڵوەشانەوەی هەموو پێکهاتە سیاسی‌یەکانی نیزامی پێشووو نەبوونی قاڵبێکی پەسەند بۆ فەرمانڕەوایی، بەرەو ئەوە ئەڕوات کە جێگای مۆدێلی بە بنبەست گەیشتووی سەرمایەداری دەوڵەتی بگرێتەوە. جۆرێك لە ناسیۆنالیزم، بەشێوەیەکی سەرەکی ناسیۆنالیزمی قەومی، وەکو ماتریالێك بۆ بیناکردنی شادەماری ئایدۆلۆژیکی حکومەتو بەدەستهێنانی مەشروعییەتی سیاسی بۆ دەوڵەتە بۆرژوایی‌یە تازەکان لە پارچەو پریشکی ئیمپراتۆری‌یە پووکاوەکە خۆی ئەنوێنێ. هەموو ڕۆژێك مەسەلەیەکی میللی تازە دروست ئەکرێت. باسی مافی دیاریکردنی چارەنووس بەفراوانی دەچێتە دەستوورەوە. سەیر لەوەدایە هەر ئەو ڕەوتەی کە مەسەلەی میللی تازە دێنێتە نێوانەوە، ئەگەری چارەسەرکردنی مەسەلە میللی‌یە کۆنەکان زیاتر دەکات.

ئەم هەلومەرجە زەوی تا ئاسمان جیاوازی هەیە لەگەڵ سەردەمەکانی تردا. مەسەلەکە بەتەواوی لەجەرگەی پاشەوپاش گەرانەوەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی سیاسیو فەرهەنگیدا لەئارادایە. ناسسیۆنالیزمی قەومی لەسووکترینو بۆگەنترین شێوەکانیدا ئاڵا هەڵگری مەسەلەی میللی‌یە. بەپێچەوانەی سەردەمی مارکسو لینینەوە، میللەت سازی ئەمڕۆو ئەو ناسنامە میللییانەی لە دەمەزەردکردندان، هیچ پەیوەندی‌یەکیان بە چوونە پێشەوەی ماددی‌یانەی مێژوو بەهیچ ئاراستەیەکی ئیجابیدا نی‌یە. نووکی تیژی ئەم ناسیونالیزمە ڕاستەوخۆ ڕووی لەکرێکارو کۆمۆنیزمو تەنانەت ریفۆرمو لیبرالیزمیشە. دووبارەکردنەوەی سووکو سادەی فۆرمۆڵەکەی لینین لەبەرامبەر سەربەخۆیی موستەعمەراتو فۆرمۆڵەکەی مارکس لەبەرامبەر میللەت سازی بۆرژوایی سەدەی نۆزدەهەمدا وەڵامی مەسەلەکانی ئەمڕۆ نی‌یە. کۆمۆنیستو کرێکاری ئەمڕۆ دەبێ وەڵامی مەسەلەی میللی ئەمڕۆ، بەو شێوەیەی کە هەیە، بداتەوە. لەم کۆششەدا بەبڕوای من دەکرێ بگەیت بە لێکدانەوەیەك کە بشێ بەسەر سەردەمەکانی رابردووشدا تەعمیم بکرێتو ناوەڕۆکی شۆڕشگێڕانەو مونسەجیمی هەڵوێستی مارکسو لینینیش بە ڕوونی‌یەکی زیاترەوە نیشان بدات.

## لە میللەتەوە تا "مەسەلەی میللی"

خودی بوونی میللەت، یان بەفەرز وەرگرتنی بوونی میللەتێك، نابێتە بنەمایەك بۆ هیچ حەقی حاکمییەتێك. ئەوەی کە هەر میللەتێك، بەهەر پێناسەیەکەوە، مافی هەیە وڵاتی "خۆی"

پێك بهێنێ، نەبنچینەیەكی زانستیی هەیە، نە حقوقیو نە مێژوویی. ماركسو لینین نەتەنها لەڕووی عەمەلییەوە تێڕوانێكی لەم چەشنەیان بۆ مەسەلەكە نەبوو، بەڵكو ئەوەیان لا بەڵگەنەویست بوو كە لەجیهانی واقیداو لەجەرگەی پەیوەندییە ئابووریو سیاسیو فەرهەنگییەكانی نێوان قەومو میللەتە جیاجیاكاندا، "هەموو میللەتان"، بەشوێن پێكهێنانی وڵاتی خۆیانەوە نابنو جیهان هیچ كاتێك نابێتە سەبەتەیەكی پڕ لە وڵاتانی ووردو درشتی بەقەد ژمارەی میللەتان، چ واقعییەكانو چ ساختەكان. وە هەر ئەم دڵنیا بوونە عەمەلییە، هەندێ جار دەوری هەبووە لە جدی نەگرتنی زانستییانەی ئەوان بۆ دیاری كردنی ووردتری معیارەكانو مەودای شمولی "مافی میللەتان"، یان لە هەنگاو نەهاویشتنی ئەوان بۆ ناو ڕەخنەی حقوقیی لە مەقولەی میللەت.

بوونی ستەمی میللیش خۆی لەخۆیدا بنچینەیەك نییە بۆ بەڕەسمییەت ناسینی مافی جیابوونەوەو پێكهێنانی وڵاتی سەربەخۆ. وەڵامی كۆمۆنیستیی بە بوونی ستەمی میللی، خەباتە بۆ لابردنی ستەمی میللی. ئەمە شێوازێكە كە بزووتنەوەی چینی كرێكارو گشت بزووتنەوەی یەكسانیخوازانە لە 99٪ی كۆمەڵگا مەوجودەكاندا لەبەرامبەر ستەمێك كە لە میللەتە كەمینەكان دەكرێت گرتوویانەتە بەر. وەڵامی یەكجارەكی كۆمۆنیزمیش كۆتایی هێنانی یەكجارییە بە ستەمی میللی لەڕێگەی لەنێوبردنی سەرمایەدارییو چەوسانەوەو دابەشبوونی چینایەتییەوە بەشێوەیەكی گشتی.

بەڕەسمییەت ناسینی مافی دیاریكردنی چارەنووس، یان مافی جیابوونەوە، وەسیلەیەكی سیاسیو شیعارێكی تاكتیكیی نییە لەبەرامبەر بوونی میللەتانو ئینتماو خۆشباوەڕیی میللیدا وەیان تەنانەت بوونی ستەمی میللیشدا. ئامڕازێكە بۆ وەڵامدانەوە بە ((مەسەلەی میللی)). بوونی میللەتو ستەمی میللی، خۆبەخۆ بەمانای بوونی ((مەسەلەیەكی میللی)) نییە. ئەمە مەقولەیەكی بنەڕەتییە لەباسەكەی ئێمەدا. هەڵبەتە بەبێ ناسنامەی میللی مەسەلەی میللی ناتوانێ بوونی هەبێت. هەروەك چۆن بەبێ ستەمی میللیش، یان تەسەوری بوونی ستەمی میللی، وەیان لانی كەم كێبەركێی میللی، مەسەلەی میللی وجودی ماددی نابێت. ئەمانە مەرجی پێویستی سەرهەڵدانی مەسەلەی میللین لە كۆمەڵگادا، بەڵام مەرجی كافیی نین. كاتێك ئەتوانین باس لە بوونی مەسەلەی میللی بكەین كە ئەم ناسنامە میللییە ناكۆكانەو كێشمەكێشو كێبەركێو دوژمنایەتییان گەیشتبێتە ئاستێك لە خەست بوونەوەو توند بوونەوە، وە پێشینەو مێژوویەكیان هەبێتو حەساسییەتێكیان لەگشت كۆمەڵگادا دروست كردبێ كە ئەوی خستبێتە ڕیزی مەسەلە میحوەرییەكانی كۆمەڵگاوە. مەسەلەیەك كە لەڕوانگەی جەماوەری فراوانی خەڵكو لەڕووی ژیانی ئابووریو سیاسی كۆمەڵگاوە وەڵام ئەخوازێ. بەڕەسمی ناسینی مافی جیابوونەوە یەكێكە لە شێوازەكانی تیماركردن، نەشتەرگەرییەكی كۆمەڵایەتییە، كە لە هەلومەرجێكی وادا بەدەست چینی كرێكارەوەیە. بەڵام لەپێشدا دەبێ مەسەلەیەك هاتبێتە ئاراوە تا وەها ڕێگاچارەیەك لەبنەڕەتەوە مەوزوعییەتی پەیدا كردبێ. دەبێ دەردێك وجودی هەبێت تا

دەرمانێکی لەم چەشنە، کە بەشایەتیی مێژووی سەدو پەنجا ساڵی ڕابردوو لەزۆربەی کاتەکاندا بۆ کۆمۆنیستەکان "قابیلی پێشنیاز کردن" نییە، بخرێتە دەستووری چارەسەرکردنەوە.

کاتێك وورد تر سەرنج ئەدەین ئەبینین مارکسو لینینیش تائەو جێگایەی کە پەیوەستە بەمافی جیابوونەوەوە لەواقعدا نەك هەموو چەشنەکانی میللەت یان حاڵەتە بێشومارەکانی ستەمی میللی، بەڵکو ((مەسەلە میللییە)) ئاوەڵاکانی جیهانی هاوچەرخی خۆیان مەبەست بووە. فۆرمۆڵبەندییەکانی ئەوانیش دەبێ هەر لەم چوارچێوەیەدا دەرك بکرێتو قەزاوەتی لەسەر بکرێت.

بەرنامەی کۆمۆنیستیی سەنەدی دڵڕاگرتنی میللەتان نییە. بڕیار نییە چینی کرێکار بۆ دابەش کردنی هەر وڵاتێك بۆ کۆمارە سەربەخۆکانی دانە دانەی میللەتان بخرۆشێ. لەڕوانگەی چینی کرێکارەوە هەر سکاڵاو ناڕەزایەتییەك لە ستەمی میللی یەکسەر بە ڕیفراندۆم بۆ جیابوونەوە وەڵام وەرناگرێتەوە، سەرکەوتنی کرێکاریی، جەژنی ناسیۆنالیزم نییە. چینی کرێکارو بەرنامەی کۆمۆنیستی لەسەرێتی کۆتایی بەستەمی میللی بهێنێتو بۆ ئەو مەسەلە میللییانەی کە بوونەتە مەسائیلێکی واقعی لەژیانی جەماوەری خەڵکدا ڕێگاچارە دابنێ. ئەم ڕێگاچارەیە دەتوانێ بەڕەسمییەت ناسینی مافی جیابوونەوەی میللەتی ستەم لێچووو ژێر دەستە بێت.

لەبارەی ئێرانەوە بەدیاریکراوی، مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی میللی کراوەو مەترەحە. مەسەلەی لوڕ یان مەسەلەی ئازەری یان هەر ناسنامەیەکی میللی تر کەدەتوانێ لەم یان لەو بڕگەدا خۆی قووت بکاتەوە، ئەمڕۆ بەئەندازەی مەسەلەی کورد لە ئێران یان لەناوچەکەدا مەترەح نییە. ئێمە فۆرمۆڵێکمان نییە بەناوی مافی "میللەتان" لە وڵاتی "فرە میللی"ی ئێراندا بۆ "دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان". شیعارێکی ڕۆشنمان لەبەرامبەر مەسەلەی کورددا هەیە: بەڕەسمییەت ناسینی مافی جیابوونەوەی خەڵکی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

کاتێك بوونی مەسەلەی میللی دەکەینە معیار بۆ مەوزوعییەت پەیداکردنی مافی جیابوونەوە، کۆمەڵێك دژواریو تێکەولێکەی تیۆریی گرنگ وەلائەنێین. یەکەم، لەجیاتی قەڵەمڕەوی سەبجەکتیڤو دڵخوازانەی پێناسەکردنی میللەتو دواتریش دابەش کردنیان بۆ میللەتانی گەورەو بچووك، موعتەبەرو ناموعتەبەر، مێژووییو نامێژوویی، شایستەو ناشایستە، مەسەلەی ئۆبجەکتیڤو مەلموسی بوونو نەبوونی ((مەسەلەی میللی)) دەبێتە بناغەی توێژینەوەمان. ئێمە ئیتر ناچار نابین پێناسە ڕەنگاوڕەنگەکانی ناسیۆنالیستەکان بۆ میللەت قبووڵ بکەین، ناچار نین بەقبووڵ کردنی ناسنامە میللییەکان لە خولقاندنو مانەوەیاندا بەشداری بکەین، ناچار نین بچینە ناو باسی ڕەتکردنەوە یان قبووڵ کردنی بڕوانامە میللییەکانەوە وەیان تەنانەت بچین بەشوێن دۆزینەوەی خەتاباری مێژوویی بۆ پێکدادانو کێشمەکێشە میللییەکان، ناچار نین ناسیۆنالیزمو ناسیۆنالیستەکان بۆ باشو خراپ،

پێشکەوتنخوازو کۆنەپەرستو...تاد دابەش بکەین. ئێمە لەسەرمانە بوونی ئۆبجەکتیڤی مەسەلەیەکی میللی لە کۆمەڵدا کە خەڵکی بەشێوەیەکی جدی بەدەوریا قوتبی بوونەتەوەو داوای وەڵامی ئەکەن بەڕەسمی بناسین. ئەمە خۆی مەودای شمولی مافی جیابوونەوەو ئەو میللەتانەی کەتوانن کاندید بن بۆی دیاری دەکاتو سنوورداری دەکاتەوە وەئیتر پێویستمان بەوە نابێ کە معیارە سەبجەکتیڤەکان، کە هەرچۆنێك بێت لەسەر پێناسەو مەقولاتە ناسیۆنالیستیەکان بینا دەکرێن، بێنینو بیاندەین بەسەریەکدا. مەودای شمولی مافی جیابوونەوە لانی زۆر بەئەندازەی ژمارەی مەسەلە میللیە واقعیەکانە لەکۆمەڵگا لەهەر بڕگەیەکی دیاریکراودا، وەنەك بەئەندازەی ژمارەی میللەتانی ئێستا یان داهاتوو وەیان بەئەندازەی ستەمگەریە میللیەکان لەدژی میللەتانی کەمینە. دووەم، ئەم تێڕوانینە ڕێك ئەو بارە سلبیە دەبەخشێتە مەسەلەی بەڕەسمی ناسینی مافی جیابوونەوە کە ئەم جیابوونەوانە لەواقعدا بۆ چینی کرێکاری ئەنتەرناسیۆنالیست هەیانە. دانی مافی جیابوونەوە، گێڕانەوەی مافە زەوت کراوەکانی میللەتان نیە، قبووڵ کردنی لێك ترازانێکی تازەیە لە ناو کۆمەڵگای ئینسانیداو تەسلیم بوونە بەو واقعییەتە دەردناکە کە ژیانێکی هاوبەش بەبێلەبەرچاوگرتنی ئینتمای میلیو قەومی لەنێوان زۆرێك لەئینسانەکاندا مەیسەر نەبووە. بەڕەسمییەت ناسینی مافی جیابوونەوە لەڕوانگەی کۆمۆنیستێکەوە وەدیهاتنی بنەمایەکی "موقەددەس"و "ڕزگاری بەخش" نیە، کە "بە ڕێکەوت" "کەمێك" ناکۆکی هەیە لەگەڵ ئەنتەرناسیۆنالیزمی کرێکاریدا، بەڵکو تەسلیم بوونە بە واقعییاتێکی تاڵ کە لەجیهانی واقعیداو بەپێچەوانەی ئامانجەکانی ئەنتەرناسیۆنالیزمی کرێکاریەوە هاتۆتە ئاراوە. ئێستا دەکرێت بەڕۆشنیو بەبێ هیچ سەرزمان گرتنێك وەڵامی میللەتانو ئەدیبانو شاعیرانیان بدەینەوە، ئەوە ڕوون بکەینەوە کە بۆچی ئێمە وەکو کرێکارو کۆمۆنیست مافی جیابوونەوە بەمافێك دەزانین کە بەکارهێنانی سنووردارەو تەنانەت لەوجێگایەشدا کە ئەم مافە بەڕەسمی دەناسین بەشێوەیەکی گشتی ڕێگای جیابوونەوە بۆ ئەو میللەتە پێشنیاز ناکەین. سێیەم، ئەم لێکدانەوەیە دەستی ئێمە ئاوەڵا ئەکات بۆ وەڵامدانەوە بەو مەسەلە میللیانەی کە ناوەڕۆکی ئابووریو سیاسی جۆراوجۆرو تایبەتمەندیی مێژوویی جیاجیایان هەیە. ئێمە ئیتر لە هەڵوێست گرتن لەبەرامبەر مەسەلە میللیەکانی مەترەح لەکۆمەڵگادا ناچار بە داوەری کردنی ئەخلاقی وەیان ناوبژیوانیەکی مێژوویی تایبەت نابین لەبارەی "ڕەسەنیو شایستەیی" میللەتانی جێگای باس، یان بوونو نەبوونی ستەمی میلیو ئەبعادەکانی وەیان دەوری چارەسەرکردنی مەسەلەکە لە ڕەوتی گەشەی مێژووی بەشەردا. ئێمە تەنانەت ناخواستە ناکەوینە پاڵ ناسیۆنالیزمێك لەبەرامبەر یەکێکی تردا. مەبەستی ئێمە چارەسەر کردنی مەسەلەی میلیو ڕزگارکردنی کۆمەڵگاو چینی کرێکارە لە هەردوو دیوی قڵشتە میللیەکەدا لە ئاکامە زیانبارەکانی، نەك دانەوەی مافە میللیەکانی ئەم یان ئەو میللەت. پووچترین، بێناوەڕۆکترینو ساختەترین کیشمەکێشو ناکۆکیە میللیەکانیش، ئەگەر بەڕاستی کۆمەڵگایان بەرەو قوتب بەندیی بردبێت، دەتوانن وەڵامێکی ڕۆشن لەکۆمۆنیستەکانەوە وەربگرنەوە. ئەم لایەنەی باسەکە بەتایبەت لەسەردەمی ئێمەدا بە ڕەوتێکی

کۆنەپەرستانەو پووچی میللەتسازییەوە کە لەئارادایەو ئەو دەردەسەرییانەی کە بەسەر خەڵکیدا دەسەپێنێ، زۆر گرنگە.

بەڵام گرنگترین لایەنی ئەم شێوە لێکدانەوەیەی مەسەلەکە ئەمەیە کە کێشمەکێشی کۆمۆنیزمو ناسیۆنالیزم لەسەر مەسەلەی میلیو جیابوونەوەی میللەتان دەخاتە سەر ڕێچکە واقعییەکەی خۆی. قەڵەمڕەوی هەڵسووڕانی دژی ناسیۆنالیستی کۆمۆنیزمی کرێکاری بەتاو پەرە پێدەداتو دەیگۆڕێ. دەبێ ئەمە زیاتر شیبکەینەوە.

## ناسیۆنالیزمو مەسەلەی میللی

مەسەلەی میللی، وەکو بەرامبەرکێیەکی کۆمەڵایەتی لەسەر بناغەی ناسنامە میلییەکان کە ئەوەندە پەرەئەگرێ کە جیابوونەوەی سیاسی وەکو ڕێگاچارەیەك دێنێتە گۆڕ، چۆن سەرهەڵئەدات؟ خودی بوونی ناسنامە میلییە جیاجیاکان نابێتە مایەی سەرهەڵدانی حەتمیی مەسەلەیەکی میللی لەکۆمەڵگادا. نموونەکانی پێکەوە ژیانی بێگیروگرفتو بێ‌پێکدادانی میللەتە جیاجیاکان لەیەك چوارچێوەیەکی وڵاتیدا زۆرن. بوونی ستەمو هەڵاواردنی میلیش هێشتا بەمانای سەرهەڵدانی مەسەلەی میللی نییە لەئاستێکی کۆمەڵایەتیدا. لەزۆرێك لە وڵاتاندا هەڵاوادنە میلییەکان لەهەمان کاتدا کە واقعییەتێکی هەست پێکراوو مەینەتباری ژیانی میللەتە ژێردەستەکانن، لەگەڵ ئەمەشدا لەجەرگەی ئەو پەیوەندییە جێکەوتووە ئابووریو سیاسییانەی کە لەکۆمەڵگادا هەن، بۆ خودی تاکەکانی میللەتی ژێردەست لەوە لاوەکیتر دەرئەکەون کە کێشمەکێشێکی سیاسی توندوتیژ بخوازن. خەبات بۆ لابردنی ئەم هەڵاواردنانە لەزۆربەی زۆری حاڵەتەکاندا نابێتە مایەی سەرهەڵدانی مەسەلەیەکی میللی بۆ ئەو کۆمەڵگایە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بۆ سەرهەڵدانی مەسەلەی میللی دەبێ ناسیۆنالیزم وەکو ئایدۆلۆژیو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەتەواوی هاتبێتە مەیدان. جیاوازییە میلیو قەومییەکانو نایەکسانییە ئابووریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەکان لەسەر بناغەی ئینتمای میللی، ئەو واقعییەتانەن کە بە دەستی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکانەوە بەسەرەنجامی جیاجیا دەگەن. لیبرالیزمو کۆمۆنیزمو سۆسیال دیموکراسیو ناسیۆنالیزم لەگەڵ ئەم واقعییاتو پۆتانسێلانەدا وەکو یەك ڕەفتار ناکەن. ناسیۆنالیزم ئەو ڕەوتەیە کە دەیەوێ تەبەلوری سیاسی ببەخشێتە ئەم قڵشتو جیاوازییانە. ناسیۆنالیزم ئەو ڕەوتەیە کەئەم جیاوازییانەی ئێستاو داهاتوو ڕاستەوخۆ بە مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسیو ئایدۆلۆژیی حوکمڕانییەوە گرێدەدات.

پێشتر وتم کەناسیۆنالیزم بەرهەمی خۆپەرستانەی میللەتان نییە. بەپێچەوانەوە، میللەتانو خۆپەرستیو دەمارگیریی میلییان بەرهەمی ناسیۆنالیزمە. ناسیۆنالیزم، سەربەخۆ لەوەی کە لە چ سەردەمێکداو لەجەرگەی کام ڕەوتی پایەیی لەقەڵەمڕەوی ئابووری سیاسیدا پێئەنێتە

مەیدان، ئایدۆلۆژییەکی بۆرژواییی‌یە بۆ بەرپاکردنی دەسەڵاتی چینایەتی. ئایدۆلۆژییەکە کە هەوڵ دەدات حکومەتی چینایەتی بۆرژوا بەجۆرێك بەرپا بکات کە وەکو بەرهەمو تەجەسومی سیاسی خاسییەتو تایبیەتمەندیی‌یە زاتیی‌یە هاوبەشەکانی نێوان ئەتباعەکەی نیشان بدرێت. ناسنامەی میللی بەردی بناغەی ستراتیجیی ناسیۆنالیزمە لەبەرپاکردنی دەوڵەتی چینایەتی بۆرژوازیدا. دەوڵەتی چینی دەسەڵاتدار، بە تەجەسومی خارجیی زاتو ناسنامەی میللی هاوبەش‌و سەرووچینایەتی ئەتباعەکەی لەقەڵەم ئەدرێت، لەکاتێکدا لەواقعدا ئەوە ناسنامەی میللی ئەتباعی کۆمەڵگایە کە تەجەسومی دەروونیی‌و ڕەنگدانەوەی ئایدۆلۆژی ناسیۆنالیستیی دەسەڵاتە لەزەینی ئەواندا. ئەوە پێداویستی‌یەکانی بەرپاکردنی دەسەڵاتی بۆرژوازیی‌یە کە بۆ ناسیۆنالیزم داهێنانی مەقولەی میللەتو ناسنامەی میللی دەکاتە شتێکی پێویست.

مەسەلەی دەوڵەتو دەسەڵاتی سیاسیی‌و پەیوەندیی‌یان بە میللەتو ناسنامەی میللیی‌یەوە، مەسەلەی بنەڕەتیی ناسیۆنالیزمە. ڕۆڵی ناسیۆنالیزم لە خولقاندنی مەسەلەی میللیی‌دا، گواستنەوەی مشتومڕو جیاوازیی‌یە میللیی‌یەکانە لە قەڵەمڕەوی ئابووری یان فەرهەنگیی‌وە بۆ قەڵەمڕەوی سیاسەتو مەسەلەی دەسەڵات. تائەوکاتەی کە جیاوازیی‌و نایەکسانیی‌و کێشمەکێش‌و مشتومڕە میللیی‌و قەومیی‌یەکان ڕاشکاوانە نەبەسترابێتنەوە بە مەسەلەی دەوڵەتو حاکمییەتەوە، هێشتا مەسەلەی میللی بەمانای تایبەتیی ووشەکە سەری هەڵنەداوە. کاری ناسیۆنالیزم ئەوەیە کە ئەم گوزارە بۆناو قەڵەمڕەوی سیاسەتو دەسەڵاتی دەوڵەتیی زامن بکات.

مەسەلەی میللی زیاتر لە هەر شتێك ئاکامی میللی بوونی فەلسەفەی دەسەڵاتی دەوڵەتیی‌یە لە کۆمەڵگادا. ناسیۆنالیزمی میللەتی باڵادەستو هێنانە مەیدانی دەوڵەت وەکو ئامڕازێك بۆ زامن کردنی بەرتریی میللیی‌و قانوونیەت دان بە هەڵاواردنە میللیی‌یەکان سەرچاوەیەکی سەرەکیی سەرهەڵدانی مەسەلەی میللیی‌یە لەچوارگۆشەی جیهاندا. ستەمی میللی بەمانای تایبەتیی ووشەکە مەقولەیەکی سیاسیی‌یە. لەنێزامێك کەتیایدا ئایدۆلۆژی حاکمییەت لەسەر ئینتمای میللی دانەمەزرابێ، ئەو نایەکسانیی‌یانەی کە لەئیمکاناتە ئابووریی‌و فەرهەنگیی‌یەکانی نێوان میللەتە جیاجیاکاندا هەیە، شانسێکی کەمتری هەیە بۆئەوەی ببێتە مایەی کێشمەکێشێکی سیاسیی‌و شکڵدان بە مەسەلەیەکی میللی لەکۆمەڵگادا.

بەڵام سەرکوتگەریی ناسیۆنالیزمی باڵادەست تەنها سەرچاوەو زەمینەی سەرهەڵدانی مەسەلەی میللی نیی‌یە. واقعییەتەکانی هەرئەم چەند ساڵەی یەکەمی دەیەی نەوەد ئەوە بەڕۆشنی نیشان دەدات کە جموجۆڵە ناسیۆنالیستیی‌یەکان دەتوانن لەسایەی هەلومەرجی تایبەتیی‌دا لەسەر بچووکترین‌و لاوەکیترین قڵشتی میللیی‌و قەومی گەورەترین کێشمەکێشی میللی بنیات بنێن. ئەگەر بکرێت فۆرمۆڵەیەکی گشتی لەبارەی سەرهەڵدانی مەسەلەی میللیی‌یەوە بەدەستەوە بدرێت ئەوەیە کە بوونی مەسەلەی میللی بەمانای تایبەتی ووشەکە بەرهەمی کارکردی ناسیۆنالیزمەو ڕووبەڕوو بوونەوەو بەرامبەرکێی توندوتیژی ناسیۆنالیزمە جیاجیاکان تایبەتمەندیی هەموو حاڵەتەکانی مەسەلەی میللیی‌یە. کاتێك ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە بەکردەوە

ڕووئەداتو مشتومڕ لەسەر دەسەڵات لەژێر ئاڵای ناسنامە میللییە جیاجیاکان لەنێوان بەشە جیاجیاکانی بۆرژوازیدا هەڵئەگیرسێ، ئیتر سەرچاوەی کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیی پێکهەڵپڕژانەکانی یەکەم شتێك لەبارەی ناوەڕۆكو بناغەی ئەمڕۆی مەسەلەکەوە ڕوون ناکاتەوە.

مەسەلەی میللی بەرهەمی ناسیۆنالیزمە. بەڵام چارەسەرکردنەکەی زۆرجار ئەکەوێتە ئەستۆی سۆسیالیزمی کرێکاری. باسی بەڕەسمی ناسینی مافی جیابوونەوە ئامڕازێکی گرنگی کۆمۆنیزمو چینی کرێکارە لەبەرامبەر بنبەستو قەیرانێك کە ناسیۆنالیزمو بۆرژوازی خوڵقاندوویانە. بەم پێیە هاتنە ناوەوەی باسی مافی جیابوونەوە بۆناو بەرنامەی کۆمۆنیستی بەمانای بەڕەسمییەت ناسینی توانای تێکدەرانەی ناسیۆنالیزمە لەدنیای بۆرژوازیدا. بەڕەسمی ناسینی مافی جیابوونەوە چەکێکە بۆخەبات لەدژی ناسیۆنالیزم. وە ئەمەش ئەو لایەنەی دەرکی مارکسیستییە لەبەرامبەر مەسەلەی میللیدا کە بەشێوەیەکی تایبەتی قەرزارباری لینینە. ((کۆمۆنیزمێکی پراتیك))ی کە سڕینەوەی هەڵاوردنو ناسنامە درۆیینە میللییەکان تەنها شیعارێکی سەرئاڵاکەیو ئارەزوویەك نییە لەدڵیدا، بەڵکو ئەرکێکە کە بەکردەوە خستوویەتییە ئەستۆی خۆی. کۆمۆنیزمێکی پراتیکی کە دەیەوێ مەبادئەکانی لەجیهانی واقعیو لەبەرامبەر هێزی مەزنی ڕەوتە بۆرژواییەکاندا پیادە بکات. بەڕەسمییەت ناسینی مافی جیابوونەوەی میللەتانی ستەم لێچوو وەکو ڕێگاچارەی مەسەلەی میللی، شێوازێکە بۆ چەك کردنی ناسیۆنالیزمو بۆرژوازیو ڕێگاخۆش کردن بۆ ڕزگاربوونی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش لە کارکردە زیانبارەکانی ناسیۆنالیزم لەسەر زەینو ژیانیان.

ئەم باسە لەهەمان کاتدا بەو مانایەیە کە بەڕەسمییەت ناسینی مافی جیابوونەوە وەختێك مەوزوعییەت پەیدا دەکات کە ڕەوتە ناسیۆنالیستییەکان پێشڕەوییەکی بەرچاویان کردبێتو خورافاتەکانی خۆیان کردبێتە هێزێکی ماددی لەکۆمەڵگادا. بەتایبەت ئەوەی کە کارەکەیان کێشابێتە قەڵەمڕەوی کێشمەکێشی چالاك لەمەیدانی سیاسیدا. بوونی ناسیۆنالیزمێك کە هێشتا لە قەڵەمڕەوی فەرهەنگو خۆنواندنی فەرهەنگیدا ماوەتەوە، ناسیۆنالیزمێك کە هێشتا لەنێو ئەومیللەتەدا، چ باڵادەستو چ ژێردەست، ڕەوتێکی لاوەکیو وەرەقەیەکی زەختی بچووکە، نابێتە پاساوێك بۆ بازدان بۆ باسی مافی جیابوونەوە. بەڕەسمییەت ناسینی مافی جیابوونەوە دەرمانی دەردێکە کەبەکردەوە نیشانەکانی دەرکەوتبێت، ڤاکسن ﴿کوتان﴾ێك نییە بۆ بەرگرتن بە سەرهەڵدانی مەسەلەی میللی. ڕوویەکی تری ئەم باسە ئەوەیە کە ئەو مەسەلە میللیانەی کە هەن مومکنە لەڕەوتی مێژوودا لەمەیدان بچنە دەرو مەسائیلێکی تازە بێنە مەیدان. قڵشتێکی میللی کە ئەمڕۆ نەبووەتە گرێیەکی سیاسیو کۆمەڵایەتیی بنەڕەتی دەتوانێ لەماوەی چەند ساڵێکدا بەهیممەتی ناسیۆنالیزم وای لێبێت. دەستنیشان کردنی کۆنکرێتی مەسەلەکە لەهەر حاڵەتێکدا مەرجی مەبدەئییەتی کۆمۆنیستییە لەبەرامبەر مەسەلەی میللیدا.

فۆرمۆڵبەندییەکەی ئێمە کەلەسەر بناغەی گرێدانی باسی مافی جیابوونەوە بە بوونی مەسەلەی میللییەوە، بەمانای سیاسی ووشەکە، بنیات نراوە، کۆمەکمان پێدەکات کەبتوانین

تەئکیدێکی زیاتر لەسەر ئەرکە دژی ناسیۆنالیستیی‌یەکانی کۆمۆنیزم بکەین بەرلە سەرهەڵدانی مەسەلەی میللی. خەباتی چالاکانە لەدژی ستەمو هەڵاواردنی میللی، بانگەواز بۆ خەباتێکی سەراسەری لەپێناو کۆمەڵگایەکی یەکسانو دوور لەهەڵاواردن، پەردە هەڵماڵین لەڕووی ناسیۆنالیزمو بەرژەوەندیو ناوەڕۆکە بۆرژوایی‌یەکەی لەهەردوو بەری کیشمەکێشە میللی‌یەکاندا، تەبلیغ کردنی ناسنامەی چینایەتی هاوبەشی کرێکارانو ناسنامەی ئینسانی‌ی هاوبەشی هەموو خەڵکو ڕەخنەگرتن لە تێڕوانینی دەمارگیرانەی ناسیۆنالیستی، ئەمانە ئەرکە سەرەکی‌و حەیاتی‌یەکانی کۆمۆنیزمە لەدژی جموجۆڵی ناسیۆنالیستی‌و ئاسۆی میللی. فۆرمۆڵبەندی‌یە بەرنامەیی‌یەکەی ئێمە بە دانانی باسی "مافی میللەتان" لەچوارچێوەیەکی دیاریکراوو مەودا شمولی‌یە سنووردارو واقعی‌یەکەی خۆی‌دا، بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بەوجۆرەی کە پێویستە لەدژایەتی‌یەکی لەئاشتی نەهاتوو لەگەڵ ناسیۆنالیزمدا پێناسە دەکاتو لەزۆربەی حاڵەتەکاندا بۆ هێرش کردنە سەری بانگەوازی دەکات، بێ‌ئەوەی کەئێمە لە ئامرازە سیاسی‌یە واقعی‌یەکان بۆ دەخالەتی واقعی لە قەیرانە میللی‌یەکانی کۆمەڵگادا مەحروم بکات.

بەکورتی:

1. بناغەی بەرنامەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەبەرامبەر میللەتو میللەت چێتی‌دا، مەبدەئە ئەنتەرناسیۆنالیستی‌یەکانی مارکسیزمە کە کۆمۆنیزمی کرێکاری لەدژی ناسیۆنالیزمو ستەمگەری‌ی میللی پێناسە دەکاتو سڕینەوەی سنوورەکانو ناسنامە درۆیینە میللی‌یەکان دەخاتە دەستوری بزووتنەوەی نێونەتەوەیی چینی کرێکارەوە.

2. هەروەها بەرنامە دەبێ حیساب بۆ هێزی ماددی‌و تێکدەرانەی ناسیۆنالیزم بکات لەدنیای هاوچەرخداو ڕێگاچارەی چینی کرێکار بۆ قەیرانو مەسەلە میللی‌یەکانی دنیای هاوچەرخ بخاتە ڕوو. بەرنامە دەبێ مافی جیابوونەوەی میللەتانی ژێردەست وەکو ڕێگاچارەیەکی ڕەوای مەسەلەی میللی بەڕەسمی بناسێ.

3. بەرنامە دەبێ لەچوارچێوەی ئەو وڵاتەدا کە قەڵەمڕەوی سەرەکی‌ی هەڵسووڕانی حزبە، واتە ئێران، پەنجە بخاتە سەر ئەو مەسەلە میللی‌یانەی کە لەم بڕگە دیاریکراوەدا چارەسەرکردنیان بەدیاریکراوی پیادەکردنی مەبدەئی مافی جیابوونەوە دەخوازێ. بەبڕوای من لەچوارچێوەی ئەوزاعی سیاسی ئێرانی ئەمڕۆدا، تەنها حاڵەتی کوردستان ئەم حوکمە ئەیگرێتەوە.

* * *

بەرلە کۆتایی هاتنی ئەم زنجیرە ووتارە دەبێ هێشتا دوو خاڵی تر تاوتوێ بکرێ. یەکەم، ئایا مەقولاتی خودموختاری‌و ئۆتۆنۆمی‌و... تاد لەوەڵامدانەوەی کۆمۆنیستی بەمەسەلەی میللی‌دا چەندە ئیعتبار یان هەیە یان نی‌یە. بەبڕوای من ئیدەی خودموختاری، واتە پاراستنی چوارچێوەی وڵاتێکو پیادەکردنی دەسەڵاتە میللی‌و قەومی‌یە خودموختارەکان تیایدا، نەخشەیەکە بۆ هەتاتایی کردنی ناسیۆنالیزمو ناسنامەی میللی‌و چاندنی تۆوی قڵشتو

**کێشمەکێشە میللی‌یەکان لەکرۆکی ئێسکی کۆمەڵگادا. ئەمە دەبێ ڕەت بکرێتەوە. خاڵی دووەم لێکۆڵینەوەیەکی موشەخەس‌تری مەسەلەی کوردو ڕێگاچارەی پێشنیاری‌ی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری‌یە لەبەرامبەر ئەم مەسەلەیەدا. دەبێ لەبەشی داهاتوودا بچینە سەر ئەم خاڵانە.**

*ئەم وتارە یەکەم جار لە مانگی فیبرەوەری تا نۆڤەمبەری 1994،*
*لە ژمارەکانی 11 تا 16ی ئەنتەرناسیۆنال‌دا بڵاو بووەتەوە.*

*** ڕوونکردنەوە: ئەم ووتارە لێرەدا بەعەمەلی کۆتایی پێهات. هیچ بەشێکی تر لەدرێژەی ئەم زنجیرە وتارەدا بڵاو نەبووەوە.**

***سەعید ئەحمەد***
***لە فارسی‌یەوە کردوویەتی بە کوردی***